تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

#ماسك بەستن


XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5996) دووشەممە 31ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا بۆ (خەبات):

پەیوەندیی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان تووندوتۆڵە و لە ئاستێکی بەرزدایە





نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا، لە بارەی گرینگی سەردانەکەی وەزیری بەرگری فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ خەبات گوتی: وەک بینیمان لەم ماوەیەدا، دوو وەزیری سەرەکی حکوومەتی فەرەنسا، کە وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری بوون، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە فەرەنسا گرینگی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەدات، پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کلتووری و سەربازیدا ، لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ سەرۆکی دەزگای مین واژۆ دەکات



دوێنێ یەکشەممە 2020/8/30 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ دامەزراندنی بەڕێز جەبار مستەفا ڕەسوڵ واژۆ کرد کە وەک سەرۆکی دەزگای گشتیی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان، دەستبەکار دەبێت. لە وتەیەکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای پیرۆزبایی، کارەکەی بە گرنگ و نیشتمانی لە قەڵەم دا و هیوای خواست داموودەزگاکانی حکوومەت و هەموو لایەنە پەیوەندارەکان و ڕێکخراو و ئاژانسە بیانییەکانی ئەو بوارە هاوکاریی دەزگاکە بکەن، هەموو پشتگیری و هاوکارییەکی خۆی و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیشی بۆ دووپات کردەوە.



بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی:

ئەگەر عێراق بکرێتە یەک بازنە دەنگی کورد بەفیڕۆ ناچێت

بڕیارە لە چەند ڕۆژی هاتوودا شێوازی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق یەکلا بکرێتەوە، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنیش پارتیش دەڵێ، ئەگەر عێراق بکرێتە یەک بازنە، دەنگی کورد بەفیڕۆ ناچێت، لەبەر ئەوەش لەگەڵ شێوازی فرەبازنەییدا نین بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئێستا هەموو هەنگاوەکان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا هەنگاو دەنێن

پەرلەمانتارێکی کورد ڕایگەیاند، شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا کۆدەبنەوە و ڕێککەوتنێکی تەواو لەبارەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2021 واژۆ دەکەن. مەیادە نەجار، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، بۆ ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا، نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتنێکی زۆر باش هەیە، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا کۆببنەوە، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە واژۆ بکرێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



2

بابەکر زێباری باس لە خاڵی ناکۆکی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش لە سەربازگەی کەیوەنی نزیک کەرکووک بێت نەک شوێنی دیکە

لەسەر کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگی و ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە کەرکووک، هەرێمی کوردستان و عێراق بۆچوونی جیاوازیان هەیە، وەک بەرپرسانی کوردیش ئاشکرای دەکەن، پێویستە پێشمەرگە بگەڕێتەوە سەربازگەی کەیوەنی کەرکووک، نەک شوێنی دیکە.

نووسینگەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی شەڕی داعش لە شنگال دەکرێتەوە

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کێڕ و کۆچبەران لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ ئەوەی نووسینگەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی شەڕی داعش لە شنگال بکرێتەوە، دوای کردنەوەیشی ڕاستەوخۆ مامەڵەی هاوواڵاتیانی زیانلێکەوتوو وەردەگیرێت بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە .

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



13

تەرەمپ کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا ڕاگەیاند



6

شوێنە گەشتیارییەکان بە مەرج پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن

هەولێر..ڕێگەدەدرێ گرووپی گەشتیاری سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان بکەن

4

خەڵکی کوردستان گەورەترین قوربانیی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێیە

ڕۆژی 30ی ئابی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانیی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێیە بۆ ئیدانە و سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانە کە بە یەکێك لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. لە دەیان وڵاتدا هاوواڵتیان ڕووبەڕووی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ بوونەتەوە بەهۆی جیاوازیی سیاسی، نەتەوەیی، نەژادی و هۆکاری دیکەوە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا کوردستان یەکێك بووە لە قوربانییەکانی ئەم تاوانە بە چەندین شێوازی جیاجیا و لە پڕۆسە بەدناوەکەی ئەنفالیشدا گەیشتە لووتکە.



بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی:

ئەگەر عێراق بکرێتە یەک بازنە دەنگی کورد بەفیڕۆ ناچێت

بڕیارە لە چەند رۆژی هاتوودا شێوازی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق یەکلا بکرێتەوە، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنیش پارتیش دەڵێ، ئەگەر عێراق بکرێتە یەک بازنە، دەنگی کورد بەفیڕۆ ناچێت، لەبەر ئەوەش لەگەڵ شێوازی فرەبازنەییدا نین بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: راستە بە گۆڕەی یاسای نوێی هەڵبژاردن هەر پارێزگایەک بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێت، بەڵام بۆ ئێمەی کورد هەڵبژاردن یەک بازنە بێت باشترە نەک فرەبازنەیی، واتە عێراق هەمووی یەک بازنە بێت هاوشێوەی یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بۆمان بکرێت ئێمە یەکبازنەیی جێبەجێ دەکەین.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دەشڵێت: لە یەکەم هەڵبژاردنی عێراقدا لە ساڵی 2005 سیستەمی یەکبازنەیی جێبەجێ کرا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەنگی کورد پەرت نابێت بە تایبەتی دەنگی کورد لە ناوچەکانی کۆت و عەمارە و بەغدا و دیالە بەفیڕۆ ناچێت، بەپێچەوانەوە فرەبازنەیی کاریگەری لەسەر دەنگی کورد دەبێت. گۆران روونیشی کردۆتەوە: لە یەکەم هەڵبژاردندا لەبەر ئەوەی یەک بازنە بوو، دەنگی کورد هەموو گەڕایەوە بۆ لیستە کوردییەکان و توانیان 80 کورسی بەدەست بێنین، بەڵام ئێستا کەمتر لە 60 کورسیمان هەیە، واتە 20 کورسی کەمیان کردووە، جیاوازییەکەش بۆ یاسای هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە.



لە ئەڵمانیا کۆچبەرێکی کورد بە چەقۆ دەکوژرێت

کۆچبەرێکی کوردی نیشتەجێی شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا لەلایەن کەسێکی دەمامکدارەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێت. رێبوار کەریم خەسرەو، تەمەن ٣٧ ساڵ، دانیشتووی شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا، ئێوارەی رۆژی ٢٨-٨-٢٠٢٠ لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، لە نزیک ماڵەی دراوەتە بەر چەقۆ و کوژراوە.

پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە، بۆ ڕێبوار دەڵێت: «پۆلیس بەڵێنی پێداوین رۆژی دووشەممە زانیاریمان لەبارەی رووداوەکە پێبدات».

رێبوار خێزاندار بووە و کوڕێکی چوار ساڵانی هەبووە، بەڵام لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە. براکەی دەڵێت: بڕیارماندا وە تەرمی رێبوار بهێننەوە کوردستان، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات هاوکارییان بکات بۆ هێنانەوەی تەرمی براکەی.

بابەکر زێباری باس لە خاڵی ناکۆکی نێوان هەرێم و بەغدا دەکات

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش لە سەربازگەی کەیوەنی نزیک کەرکووک بێت نەک شوێنی دیکە



لەسەر کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگی و ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە کەرکووک، هەرێمی کوردستان و عێراق بۆچوونی جیاوازیان هەیە، وەک بەرپرسانی کوردیش ئاشکرای دەکەن، پێویستە پێشمەرگە بگەڕێتەوە سەربازگەی کەیوەنی کەرکووک، نەک شوێنی دیکە. بڕیارە چوار ناوەندی هاوبەش بۆ هەماهەنگی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێنەوە، لەمبارەیەوە بابەکر زێباری، راوێژکاری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: هێشتا دانوستان لە نێوان هەرێم و بەغدا بۆ کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش بەردەوامن، بەڵام تا ئێستا کۆتایی بە پرسەکە نەهاتووە و نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێکی کۆتایی.

لەبارەی دیاریکردنی شوێنی ناوەندی هەماهەنگی، راوێژکاری سەربازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: وەک دەستپێک رێککەوتن بۆ هەندێ ناوچە کراوە کە خاڵی هاوبەش و ناوەندی هەماهەنگی تێدا بکرێتەوە، چەند خاڵێکیش دیاری کراون. پەیوەست بە کەرکووکیش، کە عێراق داوای کردووە بنکەی هەماهەنگییەکە لە چیمەن یان پردێ بێت، بابەکر زێباری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین خاڵە هاوبەشەکە لە سەربازگەی کەیوەنی نزیک کەرکووک بێت، نەک شوێنی دیکە، ئەوەش خاڵی ناکۆکی نێوان ئێمە و بەغدایە، چونکە ئەوان بۆ کەیوەن رازی نەبوونە تا ئێستا.

لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا کۆدەبنەوە

مەیادە نەجار: ئێستا هەموو هەنگاوەکان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا هەنگاو دەنێن



پەرلەمانتارێکی کورد ڕایگەیاند، شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا کۆدەبنەوە و ڕێککەوتنێکی تەواو لەبارەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2021 واژۆ دەکەن. مەیادە نەجار، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، بۆ ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا، نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتنێکی زۆر باش هەیە، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا کۆبنەوە، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە واژۆ بکرێت.

مەیادە نەجار ڕاشیگەیاندووە: حکوومەتی عێراق لەوە تێگەیشتووە، بەبێ کورد ناتوانێت لە پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو بێت، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات، بەپێی دەستوور کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، بێگومان ئێستا هەموو هەنگاوەکان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان هەنگاو دەنێن.

مەیادە نەجار، ئاماژەی بەوەش کردووە: هەرچەندە قەیرانی دارایی تەنگی بە عێراق و وڵاتانی دیکە هەڵچنیوە، بەڵام شاندی هەرێمی کوردستان، هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی زۆرترین مافەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی کێشەی مووچەی فەرمانبەران، هێزی پێشمەرگە، کێشەی مادەی 140، لەگەڵ چەند کێشەیەکی هەڵپەسێردراو، چونکە ئێمە ناتوانین تەنیا جەخت لە کێشەی مووچە بکەینەوە، دەبێت جگە لە کێشەی مووچەی فەرمانبەران، هەوڵی چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری کێشەکان بدەین.

لەلایەکی دیکەشەوە، نەوزاد شێخ کامیل، سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ئابووریيناسانی کوردستان ڕایگەیاندووە: هەر ڕێککەوتنێکی سیاسی و ئابووری لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق ئەنجام بدرێت، بە قازانجی بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە، چونکە بڕە پارەیەکی زۆر لە بەغداوە دێتە بازاڕەکانی کوردستان، بێ گومان کاتێک ئەو پارەیە دێتە هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی بازاڕ دەبووژێنێتەوە، ئابووری و جوڵەی بازرگانییش بەهێز دەکات.

نەوزاد شێخ کامیل ئەوەشی گوتووە: هەرێمی کوردستان قۆناغە دژوارەکانی تێپەڕاندووە و بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەڕۆیین، چونکە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕووەدەن پێمان دەڵێن، کرانەوەیەکی سیاسی لەئارادا هەیە، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شانده بازرگانی و ئابووری و سیاسییەکان دێنە هەرێمی کوردستان، ئامانجی سەرەکیی شاندەکان ئەوەیە، کۆنتاک لەگەڵ بازرگانان و سەرمایەداران و بەرپرسانی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی پڕۆژەی خۆیان هەبێت، هەروەها ئێستا حکوومەتی عێراق هاتووەتە پێشەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داوای دانیشتن و گفتوگۆ دەکات، بۆیە هەموو هەنگاوەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن، کە بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ئایندە زۆر باش دەبێت.

دیالە.. دەنگۆی تیرۆرکردنی زانایەکی عێراقی بڵاو دەبێتەوە و پۆلیسیش ڕەتیدەکاتەوە



دوێنێ یەکشەممە 30-8-2020، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگۆی تیرۆرکردنی نور محەمەد عەزاوی، زانای فەلەکناسی و مامۆستای زانکۆی دیالە، لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە دیالە، بڵاو بووەوە. فەرماندەیی پۆلیسی دیالەش لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئەو دەنگۆیەی بە درۆ خستووەتەوە و ڕایگەیاندووە، پێویستە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، سەرنج بدرێتە سەر ڕاستیی هەواڵەکە.

پۆلیسی دیالە ڕەتی کردەوە کە مامۆستا لە زانکۆی دیالە، نور محەمەد عەززاوی تیرۆر کرابێت و ڕایگەیاند، ئەو دەنگۆیەی کە لەوبارەیەوە لە لاپەڕەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە دووڕە لە ڕاستییەوە. لەمبارەیەوە فەرماندەی پۆلیسی دیالە، لیوا حامد خەلیل شممەری لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە، خاوەن ئەو لاپەڕانەی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، هەواڵیی تیرۆرکردنی نور محەمەد عەززاوییان بڵاوکردووەتەوە، بەپێی یاسا سزا دەدرێن.

لیوا حامد خەلیل شممەری ڕاشیگەیاندووە کە پێویستە سەرجەم ڕۆژنامەوانان و خاوەن لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکاندا، پشت بە سەرچاوە باوەڕ پێ کراوەکان ببەستن و بەرلەوەی هەر هەواڵێک لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بکەنەوە، دەبێت سەرەتا لە زانیاری هەواڵەکە، دڵنیابن.

لایەنە شیعییەکان دوو هەفتە مۆڵەت دەدەنە مستەفا کازمی



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

لە سەروبەندی سەردانەکەی مستەفا کازمی سەرەک وەزیرانی عێراق بۆ ئەمەریکا و ئەو پێشوازییە گەرمەی لەلایەن دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و دواتریش کۆبوونەوە و گفتوگۆی کازمی لەگەڵ چەند وڵاتێکی عەرەبی وەک ئەردەن و میسر و سعودیە و ئیمارات، لایەنە شیعەکانی عێراق نیگەرانی زۆریان دەربڕیوە و سووتاندنی بارەگاکانی حزبە شیعەیەکان لە پاریزگاکانی باشووری عێراق و ڕووخاندنی هەندێکیان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە و زیادبوونی ژمارەی خۆپیشاندەران و دەنگە ناڕازیەکانی دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناو خۆپیشاندەراندا ئەوەندەی تر ئەگەری بەریەککەوتن و تێکگیرانی نێوان مستەفا کازمی و لایەنە شیعەکانی عێراقی زیاتر کردووە، شرۆڤەکار و میدیا عێراقییەکان هەواڵی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەی نێوان مستەفا کازمی و لایەنە شیعەکانی لەماڵی هادی عامری بڵاوکردەوە و تێیدا هەموو لایەنە عێراقییە شیعییەکان بە مستەفا کازمیان گوتوە کەوا سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا و ئەنجامی کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا و کۆمپانیا ئەمەریکییەکان جێگەی نیگەرانی لایەنە شیعەکانە و ئەوەش تەواو ترسی پێگەیاندون فەرامۆشکردنی بابەتی چونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق، بۆیە بەپێی سەرچاوە عێراقییەکان کە لەناو کۆبوونەوەکە دزەی پێکراوە لایەنە شیعەکان بە ڕاشکاوی بە کازمیان گوتووە کە دوو هەفتە مۆڵەتی لەبەردەستە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی داوای کشانەوەی سەرجەم هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق بکات و هەموو سەرپەرشتیار و چالاکوانەکانی خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق دەستگیر بکات بە تایبەتیش ئەوانەی کە بارەگاکانی حزبە شیعییەکانیان سوتاندوە ئەگەر لەم دوو هەفتەیەشدا ئەوە نەکات ئەوا متمانەی لەپەرلەمان لێ وەردەگرنەوە، بەڵام ئەو سەرچاوانە هیچ وەڵامێکی مستەفا کازمیان لەبەرامبەر ئەم داواکارییانەی لایەنە شیعییەکان بڵاونەکردۆتەوە .





عەلی دۆلەمەڕی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا بۆ (خەبات):

پەیوەندیی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵە و لە ئاستێکی بەرزدایە



خەبات: تریفە ئازاد

عەلی دۆلەمەڕی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا، لە بارەی گرینگی سەردانەکەی وەزیری بەرگری فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ خەبات گوتی: وەك بینیمان لەم ماوەیەدا، دوو وەزیری سەرەکی حکوومەتی فەرەنسا، کە وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری بوون، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە فەرەنسا گرینگی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دەدات، پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵی لە بواڕەکانی سیاسی، ئابووری، کلتووری و سەربازیدا، لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. دەیانەوێت پەیوەندییەکانی خۆیان زیاتر بەهێز بکەن، لە ئێستادا دۆسیەی هەرێمی کوردستان دۆسیەیەکی زۆر گرینگە، فەرەنسا بە بایەخەوە دڕوانێتە پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بەدهاتنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبێ هەرێمی کوردستان مەحاڵە، بۆیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر لە چەسپاندنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێت. لە لایەکی دیکەشەوە، فەرەنسا پێی وایە ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، مەحاڵ بوو تیرۆریستانی داعش وا بە ئاسانی تێکبشکێندرێن، بۆیە حکوومەتی فەرەنسا، ئەم ڕۆڵەی هەرێمی کوردستانی لەبەرچاوە، چونکە داعش تەنها بۆ سەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەترسی نەبوو، بەڵکو بۆ سەر هەموو جیهان و ئەوروپا، بەتایبەت فەرەنسا لە شەڕی تیرۆریستان لە شەش سالێ ڕابردوودا قوربانیی دا، بۆیە ئەوان ئێستا دەزانن داعش تێکنەشکێندراوە، هێشتا مەترسییەکانی ماوە، بۆیە دەیانەوێت پالپشتی خۆیان بۆ عیێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕن، بۆ ئەوەی بتوانن داعش بە یەکجارەکی لەناو ببەن، ئەمەش بەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەحاڵە.

لە بارەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی حکوومەتی فەرەنسا عەلی دۆلەمەڕی گوتی: لە هەرێمی کوردستان هەموو پێکهاتەکان بە کورد، عەرەب، شیعە و سوننە، ئاشوری، کلدانی، ئێزدی،کاکەیی‌ەکان، تورکمانەکان، بەیەکەوە لەم هەرێمە بەبێ جیاوازی دەژین. هەرێمی کوردستان دەرگای خۆیشی بۆ ئاوارەکان والاکرد، کە لە ڕابردوو لە شەڕی داعش، دوو ملیۆن ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، تا ئێستاش نزیکەی یەك ملیۆن ئاوارە ماون، ئەمەش بۆ حکوومەتی فەرەنسا گرنگ بوو، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی ئاشتەوایی لێبوردەیی دەرگا کردنەوە، بۆ ئەم ئاوارانەی کە پێویستیان بە هەرێمی کوردستان هەبوو. ئەم سیاسەتە زۆر سەرکەوتووانە بوو.

دواتر نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا گوتی: ئێستاش پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان تۆندوتۆڵە، لە بەرزترین ئاستدایە. لە ڕابردووشدا، سەرۆك کۆماری فەرەنسا و وەزیری بەرگری و دەرەوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا، شاندەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش سەردانی فەڕەنسایان کردووە، لە لایەن سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا و بەرپرسانی تری بالآ پێشوازیان لێکراوە.

عەلی دۆلەمەڕی زیاتر گوتی: ئێمە خۆشحاڵین کە وڵاتێکی زلهێز و ئەندامی هەمیشەیی لێژنەی نێودەوڵەتی وەك فەرەنسا کە هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکات، هەمیشە پاڵپشتی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە، وەك وەزیری بەرگری ئەوەی دووپات کردەوە، کە ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی جارێکی تر پشتیوانی خۆمان بۆ ئێوە دووپات بکەینەوە، لە هەموو بواڕەکاندا پەرە بە پەیوەندییەکانمان بدەین، هیواداریین لە داهاتوودا لە گشت بواڕەکاندا، پەرە بەو پەیوەندییانە بدەین.

داعش هێرشەکانی لەسنووری خانەقین چڕدەکاتەوە



هێرشە چڕ و بەردەوامەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر ناوچەی شێرك ی ڕۆژاوای قەزای خانەقین ی پارێزگای دیالە بەردەوامن، دۆخی ئەمنی ئەو ناوچەیە بەتەواوەتی تێکچووە، کەم شەو هەیە، داعش لەو ناوچەیە هێرش ئەنجام نەدات، بەرپرسانی ئەمنیش لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بەئامانج کردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن داعشەوە هەیە.

ناوچەی شێرك، دەکەوێتە نێوان قەزای خانەقین، ناحیەکانی جەلەولا و کۆلەجۆوە، ناوچەکە لە ژمارەیەك گوند پێکهاتووە، هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکانیشی تێدایە، بەڵام چڕی دارستانەکانی و زۆری دۆڵ و شیوەکانی، یارمەتیدەرێکی باشی چەکدارانی داعشە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانیان. جەواد داودی ئەنجوومەنی گوندی شێرك، ڕایگەیاند «داعش دەیەوێت ئەو گوندانە بە دانیشتوانەکانیان چۆڵ بکات، تا لەوێوە بە ئاسانی هاتووچۆ بکەن، لەحەمرینەوە بۆ خانەقین بپەڕنەوە.»

لەماوەی چەند شەوی ڕابردوودا، داعش چەندین هێرشی کردووەتە سەر ناوچەی شێرك، لە هێرشێکیاندا، دوو بارهەڵگریان سوتاند و چوار کەسیان گولە بارانکرد، لە هێرشێکی تردا کە شەوی ڕابردوو ئەنجامیاندا، دوو چەکداری حەشدی شەعبیان کوشت و سێ سەربازی عێراقیان بریندارکرد. چڕکردنەوەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەی شێرك، بۆ چەندین هۆکار دەگێڕدرێتەوە، جگە لە لەباری ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانیان، هاوکات لەو ناوچەیەوە بەئاسانی دەستیان دەگاتە بازاڕی گوندی قەڵا بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان، کە بە وتەی بەرپرسانی ئەمنی لەو بازاڕە بە ئاسانی پێداویستیەکانیان دەست دەکەوێت.

هەروەها بەشەوان ناوچەی شێرك، کراوەتە ڕێگەیەکی بازرگانی قاچاخ لەنێوان هەرێم و پارێزگای دیالەدا، بارهەڵگرەکان بڕێك پارە دەدەنە هێزە عێراقی و هەندێك لە دەسەڵاتدارە کوردەکان و بارەکانیان بەو ڕێگەیەدا دەپەڕێننەوە، داعش چەند شەوێك لەمەوبەر لەسەر ئەو ڕێگەیە، دوو شۆفێری بارهەڵگری کوشت و بارهەڵگرەکانیشی سوتاندن. عەقید شەماڵ عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆلەجۆ، بەدەنگی ئەمەریکای گوتووە «شەوان هەندێك لە بارهەڵگرەکان، بە بازگەکانی خانەقین دا نارۆن، بەڵکو بەڕێگەی شێرك دا، هاتووچۆ دەکەن.» چڕکردنەوەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەی شێرك، لەکاتێکدایە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە کوردیشن، بەڵام لە شەوان دا، هەموو جۆرە جوڵەیەك دەوەستێت، هێزە عێراقیەکانیش لە بارەگاکانیان دەرناچن.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

جێگری پارێزگاری مووسڵ: سکاڵای هاووڵاتیانی شەڕی داعشمان گەیاندووەتە بەغدا

بڕیارە ئەوانەی لە سەردەمی شەڕی داعش زەرەرمەند بوونە، قەرەبوو بکرێنەوە، بەرپرسێکی پارێزگای مووسڵیش دەڵێ، ئەوانەی لە ٣٠ ملیۆن دینار زیاترە، لە بەغداوە پارەیان بۆ دێت.

ڕەفعەت سمو، جێگری پارێزگاری مووسڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «خەڵکێکی زۆر لە مووسڵ سکاڵایان تۆمار کردووە لەسەر زیانەکانی سەردەمی شەڕی داعش و زیاتر لە ٥٠ هەزار سکاڵاش بە شێوەیەکی فەرمی تۆمار کراون و هەموو جۆرە زیانێکی مادەی و گیانیی تێدایە، چونکە هاووڵاتی هەیە ئۆتۆمبێلی لەناو چووە و هەیە خانووی خاپوور کراوە تا دەگاتە ڕاندن و کوشتن». جێگری پارێزگاری مووسڵ گوتی: «ئێمە وەك ئیدارەی مووسڵ سکاڵای هاووڵاتیانی زیانلێکەوتووی شەڕی داعشمان گەیاندووەتە بەغدا و بڕیارە قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام حکوومەت پێی ڕاگەیاندووین ئەوانەی زیانەکانیان لە ٣٠ ملیۆن دینار کەمترە لە بودجەی مووسڵ قەرەبوو دەکرێنەوە لەلایەن ئیدارەی شارەکەوە». سمو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «ئەوانەی زیانەکانیان لە ٣٠ ملیۆن دینار زیاترە، لەلایەن لیژنەیەکی بەغداوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و لەوێش قەرەبوو وەردەگرنەوە، هەرچەندە کاتی وەرگرتنی قەرەبووی زیانەکانی سەردەمی داعش دیار نییە، بەڵام حکوومەت بەڵێنی داوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە».

کرمانج عەبدوڵڵا:

بە هۆی هەڕەشەی داعشەوە زۆرینەی گوندەکانی کوردنشین چۆڵ کراون

تا ئێستا 500 خێزانی کورد ناوچەکەیان چۆڵ کردووە



بەرپرسی لقی مەخموری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بە هۆی هەڕەشە و ترسی داعش لە سنووری مەخموور لە ناحیەی قەراج، تا ئێستا 500 خێزانی کورد ناوچەکەیان چۆڵ کردووە و ئاوارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بوون. کرمانج عەبدوڵڵا، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: جموجۆڵی داعش لە سنووری مەخموور بەردەوامە و تەعەداش لە خەڵك دەکەن، بۆیە بە هۆی ئەو ترس و هەڕەشەیەی داعش زۆرینەی گوندەکانی کوردنشین لە سنووری مەخموور چۆڵ کراون و، تەنها لە ناحیەی قەراجیش 500 ماڵ چۆڵ کراون و بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان ئاواڕە بوون و، ئامادەش نین تا پێشمەرگە نەگەڕێتەوە، بۆ شوێنەکانیان بگەڕێنەوە. کرمانج عەبدوڵڵا گوتیشی، خەڵکی ئاوارە دڵیان بەوە خۆشە کە ڕێککەوتنێك لە نێوان هەرێم و بەغدا بکرێت و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە، کە بڕیارە هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە هاوبەشی بنکەیەك دابنێن و خەڵکیش بە گشتی لە مەخموور بە دانانی ئەو بنکەیە دڵخۆشە.

محەمەد حەلبوسی:

حکوومەت لە ئەنجامدانی چاکسازیی و ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنیی پێشوەختەدا سستی نیشان دەدات



سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی حکوومەتی بەوە تۆمەتبار دەکات بەوەی سستیی دەنوێنێت لە ئەنجامدانی چاکسازیی و ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنیی پێشوەختە، وێرای ئەوەی کە خۆپێشاندەران داوای گۆڕانکاریی دەکەن. لە ڕاگەیەندراوێکدا، محەمەد حەلبوسی ئاماژەی بەوە داوە تا دێت کە پرۆسەی چاکسازی لە عێراق، سستیی تێ دەکەوێت و ئەمە وێرای کە خۆپێشاندەران داوای چاکسازی و هەڵبژاردنیی پێشوەختە و جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەت دەکەن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتیشی: لەڕێگەی سیاسییەوە لەگەڵ هاوبەشەکانماندا، هەوڵیداوە، نەخشەڕێگایەکی باش و کارا دابنێن بۆ ئەوەی عێراق لەم قەیرانەی ئێستا ڕزگار بکەین و بەرەو پێشکەوتن و چاکسازی ڕاستەقینەی ببەین. لە کۆتاییشدا، محەمەد حەلبوسی دەڵێت: دوژمنانی گەل و یاسا لە میانی بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق و کینە، تۆقاندن و ترساندن، هەوڵی نانەوەی دووبەرەکیی لە نێوانماندا دەدەن بۆ ئەوەی لە پشتەوە خەنجەرمان لێ بدەن و یەکڕیزی نیشتمانییشمان تێکبدەن.

خۆپێشاندانەکانی عێراق لە ساڵی 2019وە ئەنجام دەدرێن کە لەئێستادا بەشێوەیەکی سنووردار بەردەوامە، ئەو خۆپیشاندانانە حکوومەتی پێشوویان بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ڕابردوودا، ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد. لە خۆپیشاندانەکاندا، داوا دەکرا چاکسازی ریشەیی لە عێراق ئەنجام بدرێت و هەروەها هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت ئەوەیش وەك هیوایەك بۆ ڕووخاندنی پارتە دەسەڵاتدارەکان. حکوومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی کە لە ئایاری ڕابردوودا پێکهێنرا، بەڵێنی دابوو، وەك زەمینەسازییەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنیی پێشوەختە، چاکسازی ئەنجام بدات. هەروەها پێشتر سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاندبوو کە شەشی حوزەیرانی 2021 هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق ئەنجام دەدرێت و بەڵێنی دابوو کە هەڵبژاردنەکە لەژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتییدا بەڕێوەبچێت.

میکانیزمی دەوڵەتی عێراق بۆ سوودوەرگرتن لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەم بارەیەوە کارا نییە

دیندار زێباری: خەڵکی کوردستان گەورەترین قوربانیی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێیە



UN: پێویستە حکوومەتی عێراق لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە بێسەروشوێنبووانی ئەنبار بکات

ڕۆژی 30ی ئابی هەموو ساڵێك ڕۆژی جیهانیی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێیە بۆ ئیدانە و سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانە کە بە یەکێك لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. لە دەیان وڵاتدا هاووڵاتیان ڕووبەڕووی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ بوونەتەوە بەهۆی جیاوازیی سیاسی، نەتەوەیی، نەژادی و هۆکاری دیکەوە. لە مێژووی هاوچەرخیشدا کوردستان یەکێك بووە لە قوربانییەکانی ئەم تاوانە بە چەندین شێوازی جیاجیا و لە پڕۆسە بەدناوەکەی ئەنفالیشدا گەیشتە لوتکە.

د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ گوتی: کوردستان بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانییەوە گەورەترین قوربانیی تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ بووە؛ بێسەروشوێنکردنی کورد فەیلییەکان لە نێوان ساڵانی 1980-1990 و ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی و 182000 کوردی بادینان و گەرمیان، هەروەها لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بە هەزاران هاووڵاتیی کوردی ئێزدی و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بێسەروشوێن کران کە تا ئێستاش چارەنووسی زۆریان دیار نییە.

زێباری ئەوەیشی ڕوون کردەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریەکی کارای هەیە لەو لێژنەیەی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە پێکهێنراوە بۆ زانینی چارەنووسی ئەو کەسانەی لە نێوان ساڵانی (1980) و (2003) بێسەروشوێن کراون لە سەرتاسەری عێراق کە پڕۆسەکانی ئەنفالی بارزانییەکان و بادینان و هەڵەبجە دەگرێتەوە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی زانیارییەکان بە تیمی کاری پەیوەست بە بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ یەکلاییکردنەوەی کەیسەکان.

زێباری ئاماژەی بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس کرد و گوتی: لە هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی تایبەت دامەزراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێمی سەددام لە نێوان ساڵانی 1961 تا 2003 بە پشتبەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کە ئەم تاوانانە دەگرێتەوە؛ کوشتن، برینداربوون، ڕاگواستن، شوێنبزرکردن، جینۆساید، تێکدانی ماڵ و گوند و شار، بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو و، داوا کراوە کە پێویستە حکوومەتی عێراق کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی تیرۆر بەپێی بڕگە دووی مادەی (132)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق قەرەبوو بکاتەوە.

دیندار زێباری لەبارەی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ کە عێراق پێوەیان پابەندە، گوتی: دیارە تا ئێستا ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجام دراون وەکو پێویست دیکیۆمێنت نەکراون لەلایەن ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی مافی کەسوکاری قوربانیان پارێزراو بێت لە هەمان کاتیشدا میکانیزمی دەوڵەتی عێراق بۆ سوود وەرگرتن لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەم بارەیەوە کارا نییە.

لە ڕاگەیەندراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە «هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی قوربانییانی بێسەروشوێنبووان لە 30ی ئابی ئەمساڵدا، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوبەشی ڕاپۆرتێکیان لەژێر ناوی (حاڵەتەکانی بێسەروشوێنبوون لە پارێزگای ئەنبار 2015 ـ 2016: لێکۆڵینەوە لە قوربانییان و مافی زانینی ڕاستییەکان) بڵاو کردووەتەوە کە تیایدا داوا دەکەن هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی بێسەروشوێنبووان لە عێراق چڕ بکرێنەوە».

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بێسەروشوێنبووان داوا لە حکوومەتی عێراق کراوە کە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و کارا بکات بە ئامانجی ئاشکراکردنی چارەنووسی نزیکەی هەزار کەسی مەدەنی کە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکانی دژبە داعش لە پارێزگای ئەنبار لە 2015 تا 2016 بێسەروشوێن بوون، لێپچینەوە لە تاوانباران بکات و دەستەبەری دادپەروەریی و مافە ڕاوەکانی کەسوکاری قوربانییان بکات.

بەپێی ڕایگەیەندراوەکە «لەو ڕاپۆرتەدا، ڕاسپاردەی ورد سەبارەت بە هاندان بۆ دانپێدانان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان لە چوارچێوەی یاسایەکی خۆجێیی بەهێز دژبە بێسەروشوێنبووەکان خراوەتەڕوو، ئەمە وێڕای بە هاوکاری پتەو لەگەڵ میکانیزمە تایبەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرباری ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا کە لێکۆڵینەوە لە حاڵەتەکانی بێسەروشوێنبوون لە ئەنبار کراوە، بەڵام ڕاسپاردەکانی نێو ڕاپۆرتەکەدا لە بەرژەوەندی عێراق دایە، چونکە یارمەتی دەدات لە چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی دیکەی بێسەروشوێبوون.



هەرێمی کوردستان.. 540 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 17 تووشبووش گیانیان لەدەست دا

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لەماوەی 24 کاتژمێردا، 540 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و 17لاحاڵەتی گیانلەدەستدانیش تۆمارکراوە، بەمەیش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە، 28 هەزار و 161 و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە هەزار و 49 کەس.

دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، پێنج هەزار و 71 پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە هەزار و 333 لە هەولێر، 667 لە سلێمانی، دوو هەزار و 92 لە دهۆك و 139 لە گەرمیان و 30 لە هەڵەبجە بووە کە دەرئەنجام، 540 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا، ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمارکراوە:

- پارێزگای هەولێر، 138 حاڵەتی تووشبوون و 14 حاڵەتی گیانلەدەستدان.
- شاری سلێمانی، 115 حاڵەتی تووشبوون و یەك حاڵەتی گیانلەدەستدان.
- ئیدارەی گەرمیان، 32 حاڵەتی تووشبوون.
- پارێزگای دهۆك، 241 حاڵەتی تووشبوون، دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان.
- پارێزگای هەڵەبجە، 14 حاڵەتی تووشبوون.

ئاماژە بەوەیش دراوە کە لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 293 نەخۆش دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەوەتەوە کە 217 لە هەولێر، 18 لە سلێمانی، 42 ئیدارەی گەرمیان و 16 لە هەڵەبجە بووە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەیش کردووە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا 308 هەزار و 639 پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە 123 هەزار و 897 لە هەولێر، 87 هەزار و 62 لە سلێمانی، 94 هەزار و 838 لە دهۆك و دوو هەزار و 842 لە هەڵەبجە بووە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا ئەوە ئاشکرا کراوە کە لە کۆی 21 هەزار و 871 هاووڵاتیی کەرەنتینکراو، 21 هەزار و 830 هاووڵاتیی لە کەرەنتین دەرچوون و دوای تەواوکردنی ماوەی 14 ڕۆژ و ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆیان و پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە هەڵگری ئەو نەخۆشییە نین، گەڕانەوەتە ناو خانەوادەکانیان. هەروەها ئاماژە بەوەشدراوە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، هیچ هاووڵاتییەکی نوێ کەرەنتین نەکراوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە، 28 هەزار و 161 کەس کە 11 هەزار و 631 لە هەولێر، 11 هەزار و 771 لە سلێمانی، سێ هەزار و 894 لە دهۆك و 865 لە هەڵەبجە بووە، لەنێویاندا هەزار و 49 حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە 339 لە هەولێر، 587 لە سلێمانی، 46 لە دهۆك و 17 حاڵەت لە هەڵەبجە بووە.

نووسینگەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی شەڕی داعش لە شنگال دەکرێتەوە

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کۆچ و کۆچبەران لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ ئەوەی نووسینگەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی شەڕی داعش لە شنگال بکرێتەوە، دوای کردنەوەیشی ڕاستەوخۆ مامەڵەی هاووڵاتییانی زیانلێکەوتوو وەردەگیرێت بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە .

دکتۆرە خالیدە خەلیل، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لەدوای ئەوەی حەفتەی ڕابردوو نووسینگەی شێخان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان کرایەوە بە هەوڵ و پشتیوانیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستاش ڕەزامەندی دراوە بۆ ئەوەی نووسینگەی دووەمی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی شەڕی تیرۆریستانی داعش لە شنگال بێتە کردنەوە و، بڕیار وایە دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی نووسینگەکە لە حەفتەی داهاتوو ڕۆژی سێشەممە بکرێتەوە. د. خالیدە خەلیل گوتیشی: دوای کردنەوەی نووسینگەکە ڕاستەوخۆ دەست دەکرێت بە وەرگرتنی مامەڵەی هەموو ئەو کەسانەی کە زیانلێکەوتوون لە شەڕی داعش، ئینجا شەهید، یان بریندار، یاخود بێسەروشوێن، یانیش ئەوانەی خانوویان زیانی پێ کەوتووە، دواتر مامەڵەکان دەچێتە لای داوەری لێکۆڵینەوە، ئینجا ڕەوانەی مووسڵ دەکرێت تاوەکو قەرەبوو بکرێنەوە کە تا ٣٠ ملیۆن دینار قەرەبوو لە مووسڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر قەرەبووکردنەوەکە زیاتر بێت ئەوا مامەڵەکە ڕەوانەی بەغدا دەکرێت و لە دەسەڵاتی ئەواندایە .

لەبارەی گرنگیی کردنەوەی نووسینگەکەش بۆ خەڵکی شنگال، ئەو ئەندامەی لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کۆچ و کۆچبەران گوتی: شەش ساڵە ئەو خەڵکە لە سنووری ماددەی ١٤٠ و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم قەرەبوو نەکراونەتەوە، لە کاتێکدا لە عێراق زۆربەیان قەرەبوو کراونەتەوە، بۆیە گرنگ بوو بۆ خەڵکی ئێمە هەوڵ بدرێت ئەو نووسینگەیە بێتە کردنەوە تاوەکو بە ڕێکاری یاسایی خەڵکی ئێمەش قەرەبوو بکرێنەوە.

خۆپیشاندان و کاری تۆندوتیژی ڕاسیزمەکان بۆ دووڕخستنەوەی ئیسلام لە وڵاتانی ئەورووپا

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

بەهۆی پشتگیریکردنی خۆپیشاندان دژی ئیسلام و ئیستیفزازکردنی موسڵمانان پۆلیسی سوید ڕێگەی بە (ڕاسمۆس بالودان) سەرۆکی حزبێکی دانیمارکی تۆندڕەو نەدا بێتە وڵاتەکەی و بۆ دوو ساڵ هاتنەناو سویدی لێ قەدەغە کرد، ئەویش دوای ئەوەی هەینی ڕابردوو 3 کەسی تۆندڕۆ کە لایەنگری ڕاسموس بالودان بوون لە بەردەم یەکێك لە مزگەوتە گەورەکانی شاری ماڵمۆی سویدی و لەکاتی تەواوبوونی نوێژی هەینی 3 نوسخەی قورئانی پیرۆزیان سوتاند و هەر لەو کاتەشدا سیاسەتوانە تۆندڕۆ دانیمارکیەکە بۆ پشتگیری لەو کردەوە دژ بەئیسلامە ویستی لە دانیمارکەوە بڕوات بۆ شاری ماڵمۆی سوید، بەڵام پۆلیسی سوید ڕێگەیان پێنەدا و گەڕاندیانەوە وڵاتەکەی خۆی و ئەو 3 کەسەشیان دەستگیر کرد کە قورئانیان سووتاند. ئەم ئیجراتاتەی پۆلیسی سوید نیگەرانی بەشێك لەسویدیەکانی شاری ماڵمۆی لێکەوتەوە و لە خۆپیشاندانێکدا کە تۆندوتیژی لێکەوتەوە، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی سویدیان سووتاند و دەستدرێژیان کردە سەر چەندین موسڵمانی ئەو شارە و پشتیوانیان بۆ سیاسییە تۆندڕەوەکەی دانیمارک و ئەو کەسانە دەربڕی کە دژی ئیسلام لە سوید کاردەکەن، بەڵام موسڵمانەکانی سوید خۆشحاڵیان بۆ ئیجراتاتەکانی پۆلیسی سوید و جێبەجێکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ لەوڵاتەکەیاندا دەربڕی و سوپاسی پۆلیس و حکوومەتیان کرد.



کاروانێکی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی لە باشووری عێراق کرایە ئامانج

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە عێراق رایگەیاند کە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی هاوکاری سەربازیی سەر بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش بەڕابەرایەتی ئەمەریکا لە باشووری عێراق تەقیوەتەوە، بەڵام هیچ زیانێکی نەبووە. ئەو سەرچاوەیە کە ئەفسەرە لە پۆلیسی پارێزگای زیقار باشووری عێراق لە لێدوانێکدا گوتی: بۆمبێکی چێنراو کە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە لەسەر یەکێك لە ڕێگەکانی پارێزگای زیقار چێنرابوو بە کاروانێکی هاوکاری سەربازیی سەربە هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش تەقیوەتەوە. سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت باسی لەوەیش کردووە کە تەقینەوەکە هیچ زیانێکی گیانی و مادەدی نەبووە.

ئەم تەقینەوەیەش دوای چەند کاتژمێرێك لە کەوتنەخوارەوەی موشەکێك لە ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا دێت کە لە میانی 72 کاتژمێردا موشەك ئاراستەی ناوچەکە کراوە کە زۆربەیان باڵیۆزخانەی ئەمەریکایان کردووەتە ئامانج. تا ئێستا هیچ لایەك بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە رانەگەیاندووە، هەروەها دەسەڵاتدارانی عێراقیش هیچ لایەکیان بە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە تۆمەتبار نەکردووە. پێشتر گرووپە چەکدارە شیعەکان لەنێویاندا کەتائیبەکانی حزبوڵڵا عێراق هەڕەشەی بە ئامانجکردنی هێزەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان کردبوو، ئەگەر لە عێراق نەکشێنەوە. ئەو هێرشانەیش دوای ئەوەی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە سێی کانوونی دووەمی ڕابردوودا لە بۆردومانێکی فڕۆکەکانی ئەمەریکا لە بەغدا کوژران، زیاد بوون.

جێی باسە واشنتۆن کەتائیبەکانی «حزبوڵڵا» عێراق و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی نزیك لە ئێران بە ئەنجامدانی هێرشە موشەکییەکان بۆسەر ئامانجەکانی ئەمەریکا لە عێراق تۆمەتبار دەکات.

ئەمڕۆ زاواکەی ترەمپ و شاندێکی ئیسرائیل سەردانی ئیمارات دەکەن

ڕێوڕەسمی واژۆی ڕێککەوتنی ئیسرائیل و ئیمارات لە واشنتۆن بەڕێوە دەچێت







گوتەبێژی نووسینگەی بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئاشکرای کردووە بڕیارە ناوەڕاستی مانگی داهاتووی زایینی (سێپتەمبەر) ڕێوڕەسمی واژۆی ڕێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات لە واشنتۆن بەڕێوە بچێت.

ڕێککەوتنبۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات کە ماوەی مانگێکە دەستی پێ کردووە، بووەتە یەکێك لە ڕۆژەفە گرنگەکانی وڵاتانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ ئەو مەبەستە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە شاندێکی باڵای ئیسرائیل و ئەمەریکا سەردانی ئیمارات بکەن.

ماڵپەڕی DW لەمبارەوە باڵاوی کردووەتەوە کە هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و ئیمارات بە چڕی خەریکن ئامادەکاری بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی واژۆی کۆتایی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان دەکەن کە بڕیارە مانگی داهاتوو بە بەشداریی دۆناڵد ترەمپ لە واشنتۆن بەڕێوە بچێت.

بۆ ئامادەکارییەکانی ئەو ڕێوڕەسمە دوێنێ یەکشەممە جێرد کۆشنەر، زاوا و ڕاوێژکاری دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ شاندێکی باڵای دیپلۆماتیك گەیشتووەتە ئیسرائیل و بڕیارە لەگەڵ شاندێکی ئیسرائیل ئەمڕۆ دووشەممە سەردانی ئیمارات بکەن و یەکێك لە تەوەری گفتوگۆکان، دیاریکردنی کاتی ڕێککەوتنی میژوویی نێوان ئیسرائیل و ئیماراتە کە بە ڕێککەوتنی (ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان) ناسراوە.

وەزیری نەوتی عێراق: کار بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی پاڵاوگەی بێجی بۆ 280 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دەکەین



وەزیری نەوتی عێراق، ئیحسان عەبدولجەبار بەرپرسانی وەزارەتەکەی ڕاسپارد کاربکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە پاڵاوگەی بێجی بۆ 280 هەزار بەرمیل ڕۆژانە.

پاڵاوگەی بێجی دەکەوێتە پارێزگای سەڵاحەددین و یەکێکە لە گەورەترین پاڵاوگەکانی نەوت لە عێراق کە سێ یەکەی بەرهەمهێنان لە خۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە سەڵاحەددین 1 و سەڵاحەددین 2 و باکوور. وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە وەزیری نەوت بەرپرسانی وەزارەتەکەی ڕاسپاردووە کاربکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە پاڵاوگەی بێجی بۆ 280 هەزار بەرمیل ڕۆژانە.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە کە کۆپیەکی گەیشتووەتە ئاژانسی ئانادۆڵو، وەزارەتەکە بە پشت بەستن بە توانای نیشتمانی و سەرچاوەی مرۆیی خۆماڵی سەرکەوتوو بووە لە چاککردنەوە و بەگەڕخستنی چەند یەکەیەکی بەرهەمهێنان لە پاڵاوگەکەدا. ئاماژە بەوە دراوە کە بەرهەمی پاڵاوگەکە لە ئێستادا ڕۆژانە 75 هەزار بەرمیلە و لە ماوەی چەند مانگی کەمی داهاتوودا دەگەیەنرێتە 140 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە.

بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی پاڵاوگەکە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە هاوینی 2014دا و هەوڵی هێزە عێراقییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی، زیانێکی زۆری پێگەیشت. لە ساڵی 2015دا پاڵاوگەکە لەلایەن سوپای عێراقەوە کۆنترۆڵکراوەیەوە و بە گوتەی بەرپرسانی خۆجێیی لە پارێزگای سەڵاحەددین، چەند بەشێکی سەرەکی کەولوپەلەکانی لەلایەن گرووپی چەکداری نەناسراو دزرا.



فەڕەنسا.. خۆپیشاندان دژبە بەکارهێنانی زۆرەملێی دەمامک ئەنجامدرا

لە شاری پاریس پایتەختی فەڕەنسا، خۆپیشاندان دژبە بەکارهێنانی زۆرەملێی دەمامك ڕێکخرا کە لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ پەیڕەو دەکرێت. نزیکەی 300 خۆپیشاندەر کە لە مەیدانی نەتەوەیی پاریس گردبوونەوە، پڕۆتێستۆی بەکارهێنانی زۆرەملێی دەمامکیان کرد. خۆپیشاندەران کە هوتافیان دژبە بەکارهێنانی دەمامك دەگوتەوە و دروشمایین بەرز دەکردەوە، باسیان لەوە کرد کە بەکارهێنانی دەمامك دژبە پەتاکە زانستیی نییە. هاوکات ئێلەگ زەردەکانیش پشتیوانی خۆپیشاندانەکەیان کرد.



جیهان.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا 25 ملیۆن و 215 هەزار کەسی تێپەڕاند، ژمارەی گیانلەدەستدانیش گەیشتە 847 هەزار و 528 کەس

ژمارەی تووشبووان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سەرتاسەری جیهاندا، 25 ملیۆن و 215 هەزار کەسی تێپەڕاند. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە زانیارییەکانی پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، 847 هەزار و 528 کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە. لە کاتێکدا ژمارەی تووشبووانی پەتاکە لە جیهان گەیشتووەتە، 25 ملیۆن و 215 هەزار و 386 کەس، 17 ملیۆن و 561 هەزار و 855 تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە. هاوکات لەئێستادا، شەش ملیۆن و 806 هەزار و سێ کەس لە جیهاندا هەڵگری ڤایرۆسەکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆرترین ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە پەتاکە تۆمارکردووە کە تا ئێستا، شەش ملیۆن و 139 هەزار و 466 حاڵەتی تووشبوون و 186 هەزار و 857 حاڵەتی گیانلەدەستدانی تۆمارکردووە. جێی باسە یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە جیهان لە مانگی کانوونی یەکەمی 2019 لە شاری وهان پایتەختی هەرێمی هوبەی ڕۆژهەڵاتی چین، تۆمارکرا.

عێراق. 68 کەسی دیکە بە هۆی کۆرۆنا گیانیان لە دەست دا

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند، سێ هەزار و 731 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و 68 کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بەوە دراوە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 68 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانیان لەدەستداوە و سێ هەزار و 731 کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. هەروەها باس لەوەیش کراوە کە هەر لەو ماوەیەدا، سێ هەزار و 860 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە 231 هەزار و 177 کەس و لەو ژمارەیەش شەش هەزار و 959 کەس گیانیان لەدەستداوە و 172 هەزار و 880ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

ئەفریقا.. تووشبووانی کۆرۆنا یەک ملیۆن کەسی تێپەڕاند

ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە کیشوەری ئەفریقا، بەرزبووەتەوە بۆ یەك ملیۆن و 241 هەزار و 912 کەس. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە پشت بە ئامارەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا لە میانی 24 کاتژمێردا، لەسەرتاسەری کیشوەرەکە هەشت هەزار و 547 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە پەتاکە تۆمار کراوە، بەوەیش ژمارەی تووشبووان بەرزبووەتەوە بۆ یەك ملیۆن و 241 هەزار و 912 کەس. هاوکات 331 تووشبووی دیکەی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و کۆی گشتیی ژمارەی ئەو کەسانەی بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، 29 هەزار و 472 کەس. ریزبەندی ئەو وڵاتانەی کیشوەری ئەفریقا کە زۆرترین حاڵەتی گیانلەدەستدانیان بە پەتای کۆرۆنا تۆمارکردووە؛ کۆماری باشووری ئەفریقا 13 هەزار و 981 حاڵەت، میسر پێنج هەزار و 376 حاڵەت و جەزائر هەزار و 491 حاڵەت. لە کاتێکدا لە مۆریشوس هیچ هەڵگرێکی ڤایرۆسەکە نەماوە و تەواوی تووشبووانی چاکبوونەتەوە؛ لە ئێریتێریا و سیشێل تا ئێستا حاڵەتی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسەکە تۆمار نەکراوە.

ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا پلان و پڕۆژەی پێشنیازی ساڵی نوێی خوێندنی تاوتوێکرد



وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و سەلامەتی گیانی خوێندکاران و قوتابیان، بۆ ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ پلان و بەرنامەی تازەی بەئاراستەی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران و، کوالێتی خوێندنی داڕشتوە، بۆ ئەمەش پلان و پڕۆژەی پێشنیازی ساڵی نوێی خوێندنی تاوتوێکرد و بۆ گفتوگۆ و پەسندکردنی بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەسەرپەرشتی د. ئارام محمد قادر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزارەت و ئامادەبونی بریکاری وەزارەت و سەرجەم سەرۆک زانکۆکان کۆبونەوەی ژمارە ٩ ی ئاسایی خۆی بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامدا. لەکۆبونەوەکەدا کە نوێنەرانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئامادەیبون، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئاماژەی بە دواین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و باڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا کرد و تیشکی خستەر سەر پڕۆژەی وەزارەت بۆ دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن.

د. ئارام محمد قادر ڕاشیگەیاند: بەڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و سەلامەتی گیانی خوێندکاران و قوتابیان، بۆ ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١) پلان و بەرنامەی تازەمان بەئاراستەی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران و، کوالێتی خوێندن داڕشتووە، بۆ ئەمەش ئامادەی بە پلان و پڕۆژەی پێشنیازی ساڵی نوێی خوێندن کرد. بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە کۆبونەوەکەدا چەندین پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکرایەوە بەمەبەستی پەسەندکردنیان.

بۆ دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی خوێندن وەزارەتی تەندروستی هەڵسەنگاندن دەکات

سەبارەت بە دەستپێکردنی پڕۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، لە کۆبوونەوەی داهاتوویدا هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی تەندروستی دەکات. دوای هەڵسەنگاندنی دۆخی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگاکانی هەرێم ڕاپۆرتی خۆی لەوبارەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی، ڕاگەیاند: تائێستا لە وەزارەتی تەندروستی هیچ ڕاسپاردە و بڕیارێك لەبارەی دۆخی ئێستا و دەستپێکردنەوەی خوێندن نەدراوە، لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزارەت تاوتوێی ئەو بابەتە دەکرێت، هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی کۆرۆنا و تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت دەربارەی ئەو وادەیەی کە بۆ دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی خوێندن دیارکراوە، هەروەها تاوتوێی میکانیزمی دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی خوێندن دەکەین».

گوتیشی: «دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە ڕەوشی کۆرۆنا لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەك یەك نییە، وەك دەزانین ئێستا لە دهۆك ڕێژەی تووشبوون زیاترە و هەولێر باشترە، لە سلێمانیش هێشتا حاڵەتی نوێ تۆمار دەکرێن، ئەوە پێبان دەڵێن کە تائێستا ڕەوشەکە کۆنترۆڵ نەکراوە، بۆیە دەستپێکردنەوەی دەوام پێویستی بە ڕاوێژی زیاتر هەیە بەتایبەتی ڕاوێژکردن بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی، دەبێ بڕیارێکی دروست بدرێت بۆ ئەوەی پڕۆسەی خوێندن نەبێتە هۆی هەڵکشانەوەی ژمارەی تووشبووان».



پرسەنامە

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو (جەمال حەمە عەلی)

برای (شەهید نوری حەمە عەلی)

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی (جەمال حەمە عەلی)برای (شەهید نوری حەمە عەلی)مان پێگەیشت، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان، پرسەوسەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لە خوا داواکارین خوا لێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و سەبوری و ئارامی بە بەخانەوادە و کەسوکار ببەخشێت و دوا کۆستتان بێت.

انا لله و انا الیه راجعون

خەبات

لە هەفتەیەکدا 132 کەس لە هەرێمی کوردستان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە



وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماری هەفتەیەکی کۆرۆنای بڵاوکردەوە، بەگوێرەی ئامارەکە لەماوەی هەفتەیەکدا ١٣٢ کەس بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە. بەراورد بە هەفتەی پێشتر ژمارەی تووشبووان و ڕێژەی گیان لەدەستدان بە کۆرۆنا کەمیکردووە. لە ئامارەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، لە هەفتەیەکدا ٣ هەزار و ٥٢٠ کەس تووشی کۆرۆنا بوونە و ٣ هەزار و ١٥٤ تووشبووی دیکەش چاکبوونەتەوە.بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی تەندروستی لە ماوەی هەفتەیەکدا پشکنینی کۆرۆنا بۆ ٣٠ هەزار و ٥٧٣ کەس کراوە.

بەراورد بە ئامار هەفتەی پێشتر، ڕێژەی تووشبوون بە کۆرۆنا و گیان لەدەستدان بەو ڤایرۆسە لە هەرێمی کوردستان کەمیکردووە، وەك لە ئاماری هەفتەی پێشتر خرابووەروو لە ٢٠٢٠/٧/١٤ تا ٢٠٢٠/٨/٢٠، لەو ماوەیەدا ١٦٣ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٣ هەزار و ٧١٢ کەس تووشی کۆرۆنا بوونە. تائێستا ٢٧ هەزار و ٦٢١ کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوونە، لەو ژمارەیەدا ١٧ هەزار و ٣٨٦ کەس چاکبوونەتەوە و هەزار و ٣٢ کەسیش گیانیان لەدەستداوە.

لە هەفتەیەکدا چوار هەزار دەمامک دابەش دەکرێت

خەبات- تریفە ئازاد:

ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرونای ڕاگەیاند، ئەم هەڵمەتە یەك هەفتە دەخایەنێت. لەمبارەیەوە سەفین کاوێس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوان دیموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: وەك دەزانین ڤایرۆسی کۆرونا ئێستا بە ڕێژەیەکی زۆر بڵاوبۆتەوە و ڕۆژانە چەندین ئازیز بەم پەتایە گیان لە دەست دەدەن، بۆیە پێویستە هاوواڵتیان هۆشیار بکرێنەوە لە چۆنیەتی خۆپارێزیان. ئێمە بە پێویستانزانی کە هەڵمەتێکی یەك هەفتەیی ڕابگەێنین کە تێدا ڕۆژانە (٥٠٠) دەمامك دابەش بکەین بەسەر هاوواڵتیان کە کۆی گشتی لە هەفتەکدا دەکاتە چوار هەزار. لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیاری خۆپارێزیان پێدەین. ئەم هەڵمەتە گشت سنوری دەشتی هەولێر دەگرێتەوە وەك ،دارەتوو، بنسلاوە، شاوێیس، پیرزین، مەلا ئۆمەر، کەسنەزان، مەسیف. هەروەها لە هەردوو بازگەی بێستانە و شێراوە توانیان (٥٠٠) دەمامك دابەش بکەین.

شوێنە گەشتیارییەکان بە مەرج پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن

سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار ڕاگەیاند، بە هۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ماوەیەکی زۆر بوو شوێنە گەشتیارییەکان داخرابوون، بەڵام لە ئێستادا هەموو شوێنە گەشتیارییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە و پێشوازی لە گەشتیاران دەکرێت. دەشڵێ، بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بووژانەوەی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، چونکە گەشتوگوزار کاریگەری لەسەر هەموو کەرتەکانی تر دروست دەکات. سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، مەولەوی جەبار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «هاتنی گەشتیاران کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر بواری ئابووریی هەرێمی کوردستان و بۆ سەرجەم کەرتەکانیش کاریگەرە، چونکە بە هاتنی ئەو گەشتیارانە بازاڕ و شوێنە گەشتیارییەکان جوواڵەیەکی زۆر باش بەخۆیانەوە دەبینن، کە هەموو کەرتەکانیش سوود لە گەشتیار وەردەگرن، هەروەها کاریگەریی هاتنی گەشتیاریش بە دوو جۆرە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، کە بە هەردووك جۆرەکەی کاریگەریی گشتی دەبێت لەسەر جووڵەی بازاڕەکانی باشووری کوردستان».

مەولەوی ئەوەشی ڕاگەیاند: «ئێمە دەبینین بازاڕەکان لە ئێستادا جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ پێش ئەو کاتەی گەشتیاران سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان بکەن، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەرتی گەشتیاری و بازاڕەکان جووڵەی باشتر بەخۆیانەوە دەبینن».

گوتیشی: «هەموو ڕێنماییە تەندروستییەکان لە دەستەی گەشتوگوزار دەرچوون و بەسەر شوێنە گەشتیارییەکان دابەش کراون، بە تایبەت بۆ خاوەنی هوتێل و موتێل و کەپەرکان و چێشتخانە و هەموو خاوەنی شوێنە گەشتیارییەکان بە مەبەستی خۆپارێزی و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان، هەر شوێنێکیش پابەندی ڕێنماییەکان نەبێت، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە». ئەو هەروەها جەختی لەوەش کردەوە، ژمارەیەك پڕۆژەی نوێی گەشتیاری کاریان لەسەر دەکرێت و بەشێکیان ئامادە کراون بۆ جێبەجێکردنیان، بەشێکی تریشیان لە پلان و ئامادەکاریدان، بەڵام بە هۆی ئەم پەتایەوە پڕۆژەکان دواکەوتن، هەر کاتێك بارودۆخەکە گونجاو بوو لە ڕووی تەندروستی و ئابوورییەوە، وەبەرهێنەکان دەست دەکەن بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی نوێی گەشتیاری بە شێوازی سەردەمیانە.

دەشڵێت: «داوامان لە هەموو شوێنە گەشتیارییەکان کردووە ڕێکلامی خۆپارێزی بڵاوبکەنەوە بۆ گەشتیاران، تاوەکو زیاتر گەشتیاران خۆیان بپارێزن و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن».





هەولێر..ڕێگەدەدرێ گرووپی گەشتیاری سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان بکەن

جێگری سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی کوردستان ڕایگەیاند ئێستا بەرپرسانی شارەکە، ڕێگا بە هاتنی گرووپی گەشتیاری بۆ هەولێر دەدەن و ئەوانیش وەك کۆمەڵەکەیان، نرخی ماندوەیان لە میوانخانەکاندا بەپێی ئەستێرەکان دیاریکردووە.

شکور عەزیز، ڕاگەیاند ئێستا بەرپرسانی ئیدارەی هەولێر ڕێگەدەدەن گروپی گەشتیاری سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی هەولێر بکەن، ئەمەش دوای ماوەیەکی زۆر لە ڕێگەنەدان بە هاتنی گرووپەکان بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. گوتیشی: «ئێمە وەك کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان نرخی مانەوەمان لە میوانخانەکاندا دیاری کردووە، نرخەکانیش بەپێی ئەستێرەی هوتێلەکان دیاریکراون». بەگوتەی جێگری سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی کوردستان، نرخی یەك شەو مانەوە لە میوانخانەیەکی یەك ئەستێرەیی بۆ ١٥ هەزار دینارە، دوو ئەستێرەیی ٣٠ هەزار دینارە، سێ ئەستێرەیی ٥٠ هەزار دینارە و چوار ئەستێرەییش ٦٠ هەزار دینارە.

لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێنمایی و مەترسییەکانی بۆ خەبات دەدوێن



د. محەمەد بەگ:

خۆتان بپارێزن، با نەگەینە ئەو ئاستەی هەمووان دەستەوەستان بین، وەك ئەوەی لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان رووبدا

ڕاپۆرت : سامان سەفەر

ڤایرۆسی کۆرۆنا وەك مۆتەکەیەك بەرۆکی جیهانی گرتووە، هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وڵاتان ڕێنمایی ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە پێویستە هاووڵاتیان دەمامك و دەستکێش بەکاربێنن و دووربکەونەوە لە هەموو جۆرە قەرەباڵغییەك. حکوومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە هاووڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە، کە پێویستە پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن. لەم ڕاپۆرتەدا بۆچوونی پزیشکێك و چەند هاووڵاتییەکمان وەرگرتووە لەبارەی چۆنیەتی خۆپارێزی لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

دکتۆر محەمەد بەگ خەلیل پزیشکی نیشتەجێی خولاو لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: تا ئێستایش ڤایرۆسی کۆرۆنا بەردەوام لە تەشەنەکردنایەو رۆژانەو بە بەردەوامی تووشبووی نوێ تۆمار دەکرێت و دەخرێنە ژێر چاودێری پزیشکی و چارەسەر وەردەگرن، بە شێوەیەك کە نەخۆشخانەکان پڕ بوون لە نەخۆش و لە هەمان کاتدا ڕێژەیەکی بەرچاوی هاووڵاتیان تووشبووی ڤایرۆسەکەن و لەماڵەوە چارەسەر وەردەگرن.

ئەو پزیشکە دەشڵێت: پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی تەواوی تواناکانی خۆیان خستۆتەگەڕ بو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە و پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان، لە کاتی ئێستایشدا گرنگە هاووڵاتیان لە هەستیاریی بارودۆخەکە تێبگەن و ڕادەی خۆپارێزی و تاکپارێزی بەرزتر بکەنەوە و ڕێگەبگرن لە بڵاوبوونەی زیاتری پەتاکە، یاخود هەرهیچ نەبێت هەوڵ هێواشکردنی خێرا بڵاوبوونەی ڤایرۆسەکە لە نێو هاووڵاتییاندا بدرێت، ئەویش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەزارەتی تەندروستی بە بەستنی ماسك و دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ و داخراو، تاوەکو توانا پزیشکییەکان بتوانن بەپێی پێویست چارەسەری نەخۆشەکان بکەن و ژمارەی تووشبووان نەگاتە ئاستێك هەموان پێکەوە دەستەوەستان لێی بڕوانن، وەك ئەوەی لە بەشێك لە وڵاتان ڕووياندا.

د. محەمەد بەگ گوتیشی: ئەوەی گرنگە هاووڵاتییان بیزانن خودای گەورە تواناییەکی بەرگری بەهێزی بە مرۆڤەکان بەخشیووە، بەشێوەیەك کە دەتوانن پارێزگاری لە تەندروستی مرۆڤەکان بکەن و ژیانیان بپارێزێت، بۆیە گرنگە لە کاتی هەستکردن بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە هاووڵاتیان بروایان بە توانا بەرگرییەکانی جەستەی خۆیان هەبێت، کە دەتوانن ڤایرۆسەکە و چەندین هۆکاری تری مەترسیداری نەخۆشی لەناو ببەن و نابێت ترس بەرۆکیان بگرێت، بەشێوەیەك کە خۆیان بدەن بەدەستەوە و بەرگری لەشیان بەلاوازتر لە نەخۆشییەکە ببینن، کە ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بێهێزکردنی بەرگری لەشە بۆ لەناوبردنی هەر هۆکارێکی نەخۆشی، لەکاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشییەکە ڕاستەوخۆ دەبێت پشوو دەست پێبکەن و لە خەڵکی تر خۆتان بە دووربگرن و چارەسەری پزیشکی لە لایەن پزیشکی پسپۆڕەوە وەربگرن، تا هاوکارێت لەگەڵ بەرگری لەشی کەسەکە و ڕێگە لە تەشەنەکردنی زیاتری بگرن لەنێو لەشدا، خواردنی بەردەوام وزەبەخشێکی نایابە بۆ خستنەکاری بەرگری لەش، بە تایبەت ئەو خواردنانەی سروشتین و ڕێژەیەکی بەرچاو پڕۆتینیان تێدایە و خواردنی ماڵەوەن، سەوزە و میوە و شلەمەنییەکان وەك شۆربا و نیسك نۆکاو و خواردنی ماسی وزەبەخشێکی نایابی بەرگری لەشن و گرنگە هاووڵاتیان بایەخی زیاتر بە جۆری خواردنەکانیان بدەن تاوەکو بتوانن بە سەلامەتی لە نەخۆشییەکە پارێزراوبن.

هاوار کریم وەك لاوێك دەڵێت: پێویستە هەموو هاووڵاتیەك پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، چونکە ئەم ڤایرۆسە پەتایەکی جیهانییەو تەواوی دانیشتوانی گۆی زەوی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووەو بووەتە مۆتەکەیەك بەسەر مرۆڤایەتی و داڕووخاندنی ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهان، هاوکات بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانە چەندین ئازیز بەهۆی تووشبوونیان بەم ڤایرۆسە بناڵێنن و گیان لەدەست دەدەن، بۆیە پێویستە هەموومان هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بین و پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بین و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك جێبەجێیان بکەین، بۆ ئەوەی خۆمان و خۆشەویستەکانمان لە دەست نەدەین، ئەوەیش تەنیا بە پابەندبوون و بە بەستنی ماسك و دەستکێش و شووشتنی دەست و دووركەوتنەوە لە یەکتری لە کاتی کارکردنمان، ئەگینا تا ئێستایش کە ژمەی قسە لەبارەی ئەم پەتایە جیهانییە دەکەین هیچ چارەسەرێکی متمانەپێکراوی وەها لە ئارادا نییە کە بتوانێت هەموان بپارێزێت.

ئاکۆ کەریم مەولود هاووڵاتییەکی دیکەیەو لەم ڕاپۆرتەدا قسەی خۆی هەیەو دەڵێت: ڕۆژ لەڕێگەدا دەمێنینەوە. هەموو ڕۆژێك لە شوێنێك چادر هەڵدەدەین، بەو شێوەیە بەردەوامدەبین لەسەر ڕێگاکەمان.

هەروەها سەمیە ئەردۆگان، باسی لەوە کرد کە بەو شیرەی لە کوێستانەکان لە ئاژەڵەکان دەستیان دەکەوێت پەنیر و بەرهەمە شیرەمەنییەکانی دیکە دروست دەکەن و گوتی: تا وەرزی پاییز بەردەوام دەبین لەسەر دۆشینی مەڕەکان. دوای ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ گوندەکەمان. لێرە ئەو پەنیرەی دروستمان کردووە دەیفرۆشین. دوای چەند ڕۆژێك چادر و کەلوپەلەکانمان کۆدەکەینەوە و دەگەڕێینەوە. ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکەین.

کۆچەرییەکانی هەکاری دەستیان بە ئامادەکاری گەڕانەوە کردووە

دوای مانەوەی چوار مانگ لە کوێستانەکان، کۆچەرییەکان بارگەوبنەیان تێکدەنێن

خەبات: باکووری کوردستان

لە پارێزگای هەکاری دوای وەرزی زستان کە بە سەختی تێدەپەڕێت، لەگەڵ توانەوەی بەفر کۆچەرییەکان ڕێگای کوێستانەکانیان گرتەبەر و دوای مانەوەی چوار مانگ لەو کوێستانانە دەستیان بە ئامادەکاری کرد بۆ گەڕانەوە.

کوێستانە بەرزەکانی پارێزگای هەکاری کە یەکێکن لە ناوەندە گرنگەکانی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، ئەمساڵ بەهۆی کەشوهەوا فێنك و سەرچاوەکانی ئاو و گژوگیا بەپیتەکەیەوە ژمارەیەکی زۆر کۆچەری لەخۆگرت.

کۆچەرییەکان کە بەمەبەستی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵەتەکانیان بە درێژایی وەرزی هاوین لە پارێزگاکانی وەك سێرت، باتمان و شرناخەوە ڕوویان لە کوێستانی بەرچەلان کرد کە سێ هەزار و 300 مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، بەو شیرەی لە ئاژەڵەکان دەستیان دەکەوت ماست، کەرە و پەنیریان بەرهەمدەهێنا و دەیانفرۆشتەوە، بەوەیش بژێوی ژیانیان دابین دەکرد.

کۆچەرییەکان کە لە مانگی ئایارەوە ڕوویان لە کوێستانەکان کردووە و بەدرێژایی چوار مانگ دوور لە تەکنۆلۆژیا، ئاوێتەی سروشت بوون و بەو شێوەیە ژیانیان بەسەربردووە، ئامادەکاری دەکەن بۆ گەڕانەوە کە نزیکەی یەك مانگ دەخایەنێت.

مەحمود ئیلچین کە یەکێکە لە کۆچەرییەکان و لە پارێزگای شرناخەوە هاتووە بۆ ناوچەکە، باسی لەوە کرد کە مانگی ئایاردا ڕوویان لە کوێستانەکان کردووە و چوار مانگیان لەوێ بەسەر بردووە.

ئیلچین باسی لەوە کرد کە تا مانگی ئەیلوول لە کوێستانەکان ئاژەڵ بەخێودەکەن و پەنیر بەرهەمدەهێنن و گوتی: لێرە ئاژەڵداری دەکەین، کۆچەریی کارێکی سەختە، بەڵام لە پێناو بەخێوکردنی ئاژەڵەکانمان و بژێوی خێزانەکانمان ناچارین ئەو کارە بکەین. ئەو کۆچەرییانەی لە سێرتەوە هاتوون دوو کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورن. سااڵنە ژمارەیەکی زۆر کۆچەر ڕوو لەم کوێستانە دەکەن. بەهۆی ئەوەی ناوچەکەی ئێمە لە هاویندا گەرمە ئاژەڵەکان دووچاری ناڕەحەتی دەبن. لەبەرئەوە دەیانبەین بۆ کوێستانەکان. ئێرە بۆ ئاژەڵەکان فێنکترە و بەسوودتریشە. ئیدی دەگەڕێینەوە کە هاتین بە ئۆتۆمبێل هاتین. ئێستا بەپێ دەگەڕێینەوە. لە گەڕانەوەدا، 30







ئەو دیوارەی بە خواری بونیات نرا



کامیل ئەحمەد بەگ

کوردستان لەسەردەمی پاشایەتی عێراقدا

کاتێك لە 11/ 3 / 1917 بەغدالەلایەن بەریتانیاوە بە فەرماندەیی (جەنەڕاڵ مۆدی) داگیرکرا ، لە 1 / 10 / 1918 هێزەکانی بەریتانیا بەهاوکاری عەرەبەکان دەستیان بەسەر وڵاتی سوریادا گرت و بەم پێیە دوو ناوچە و دوو وڵاتی مستەعمەرەی عوسمانیەکان واتا (عێراق و سوریا) لەژێر ڕکێفی خەلافەتی عوسمانی هاتنەدەرەوە و بریتانیا دەستی بەسەرداگرتن .

عێراق لەپاش داگیرکردنی تا مانگی 10 ی 1920 لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی ناوەندی هێزەکانی بەریتانیا بوو کە لەلایەن ڕاسپێردراوی پلەبەرزی وڵات (مادونش) بەڕێوەدەچوو لەمانگی 5 ی 1920 ڕاپەڕینێکی گەورە لەعێراق دژ بە بەریتانیەکان سەری هەڵدا کە تیایدا زیانەکانی بەریتانیا 426 کوژراو و زیاترلە 1100کەس بریندار و 600 کەس بێ سەر و شوێن بوون . زیانە مادیەکانیش نزیکەی چل ملیۆن لیرەی ئیستەرلینگ خەملێنراوە . عیراقیەکانیش زیاترلە هەشت هەزار کەسیان لێ کوژرا ، بەو بۆنەیەوە پێگەی بەریتانیا دووچاری مەترسی بووەوە. داگیرکەرانی بەریتانی بۆ کۆتایی هاتن بەململانێکانی لە عیراق دەست بەکاربوون و (چەرچیل) لە12 / 3 / 1921 لە قاهیرە کۆنگرەیەکی بەست بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی بەریتانیا ، لەکۆنگرەی قاهیرە چەند خاڵێك خرانەڕوو کەگرنگترینیان خاڵی دووەم بوو ، لە خاڵی دووەم ئاماژە بە دەستنیشانکردنی سەرۆکێك بۆعێراق کرا .

(سێر پرسی کۆك) دەڵێت : ئاسانترین شت هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بوو بۆ عێراق ، ژمارەی کاندیدانی عیراقی و غەیرە عیراقی بۆ سەرۆکایەتی عێراق زۆربوو ، بەڵام بەریتانیای داگیرکەر وەك ئەوەی پیاوێك لەعیراقدا بوونی نەبێت هات و ڕووی کردەحیجاز و دواجار (میرفەیسەڵ کە یەکێك لە کوردەکانی حسەین شەریف پاشای حیجاز) بوو بۆپاشایەتی عیراق هەڵبژارد . شا فەیسەڵی حیجازی پێشتر شای سوریابوو ، کە فەرەنسەییەکان دژی هەڵبژاردنی ئەوکەسەبوون چونکە ئەویان بەدەستنیشاندەی بەریتانیا دادەنا ، جا ئەویان لە سوریا بە زۆر لەسەر کار لادا و گەڕایەوە بۆ حیجاز ، بەڵام بەریتانیەکان ئەوکەسەیان هەڵبژارد بۆ پاشایەتی عیراق و لە23 ئابی 1921 بووبەپاشای عیراق ، جا خشتی یەکەمی دیوارە خوارەکەی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە بەو جۆرە بە خواری دانرا و کەسێکی غەیرە عێراقی بوو بە مەلیکی عێراق .

هەروەك شاعیر دەڵێت:

(بەنتا) خشتی یەکەم دابنێت بەخواری
تا ئاسایان دەڕوات دیوارەکە بە خواری

ئەوجا بۆئەوەی وابکەوێتە بەرچاو کە دیموکراسی جێبەجێ کراوە و بۆئەوەی بەریتانیەکان شەرعیەت بە کارەکەیان بدەن ڕاپرسییەکیان لەعیراق دەربارەی هەڵبژاردنی شافەیسەڵ ئەنجام دا ، بەڵام ناوچە کوردستانیەکانی وەك کەرکوك و سلێمانی لەو ڕاپرسیە ساختەیە کە ئامانج لێی ڕەوابەخشین بوو بە کارەکانی دەوڵەتی بەریتانیا بەشداربیان نەکرد . بەریتانیا لە ساڵی 1921ز سوپایەکی بۆ دەوڵەتی عێراق دامەزراند کەژمارەیان 1300 کەس بوو ،بەڵام دواتر ئەو ژمارە زیادی کرد و لەساڵی 1925 گەیشتە 7500 کەس و هێزەکانی بەریتانیا بەرژەوەندی خۆیان لەکەمبوونەوەی هێزە بەریتانیەکاندا دەبینیەوە و لەڕێگای ئاسانی بەفڕۆکە و لە زەوی بە ئەفسەرە پلە بەرزەکانی لەشەڕکردن لەگەڵ گەلی کورد هاوکاری و پشتیوانی عیراقیەکانیان دەکرد . لە تەمموزی ساڵی 1921 بریتانیا کۆلێژی سەربازی لەعێراق بونیات ناو بەو جۆرە بریتانیا و وڵاتی نوێی عیراقی دامەزراند و تا شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 کە بە سەرکردایەتی (زەعیم عەبدولکەریم قاسم) ئەنجام دراعێراق لەژێرهەیمەنە و دەسەڵاتی بەریتانیابوو و گەلانی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ماف و ئازادیەکانیان پێشێل دەکرا و لەو ماوە دوور و درێژەدا دەوڵەتی مەلیکی عیراق بەپشتیوانی بەریتانیای داگیرکەر شەڕی سەخت و تاقەت پروکێنی لەگەڵ نەتەوەی کورد بەرپاکرد .

سیاسەتی شوومی بەریتانیا سیاسەتێکی فێڵبازانەو خیانەتکارانە بوو لەو سەردەمە دا بەریتانیا هەوڵی پێکهێنانی چەند لیوای سەربەخۆی بۆکورد دەدا ، لە ساڵی 1918 لە سلێمانی (E . W . NOEL = ئی دەبلیو نۆیل) لەکۆبوونەوەیەکی گەورە کەپیاو ماقوڵان و مامۆستایانی ئایینی شار و سەرۆك عەشیرەتەکان بەشداربوون (شێخ مەحمودی حەفید) ی بە فەرمانڕەوای کوردستان هەڵبژارد و خۆیشی وەك سەرۆکی کوردستان دەستنیشان کرد و سیستەمێکی ئیداری لە سلێمانی دامەزراند ، بەڵام ژێربە ژێرلەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکانی تری ناوچەکە دەستی تێکەڵ کرد و بۆئەوەی دژایەتی شێخ مەحمود بکەن و سنورێك بۆشێخ و هێزەکەی دابنێت و بەوکارەی دەیویست دەسەڵاتی شێخ مەحمود کەم بکاتەوە و کوردستان ببەستێتەوە بە عێراقەوە . جا لەساڵی 1919 شەڕ لە نێوان بەریتانیا وکورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود دەستی پێکرد و لە شەڕی دەربەندی بازیان کە شەڕێکی قورس بوو، شێخ بە بریندار بەدیل گیرا و لە دادگای بەریتانیەکان حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو ، بەڵام بۆئەوەی ئاڵۆزی زیاترلە کوردستان ڕوونەدا ئەو حوکمە جێبەجێ نەکرا و بەریتانیا شێخ مەحمودی بۆهیندستان دوورخستەوە . دواترلە ساڵی 1922 گەڕاندیانەوە بۆ سلێمانی ، بەڵام شەڕی بەریتانیا و کورد هەر بەردەوام بوو تا ساڵی 1931 کە بریتانیا بە سوپایەکی گەورە هێرشێکی گشتگیری بۆ سەر هێزەکەی شێخ مەحمود دەستپێکرد و دواجار شێخ مەحمود و هێزەکەی بەهۆی نەمانی چەك و تفاقی جەنگی کۆتاییان بەشەڕەکە هێنا و شێخ مەحمودی نەمر بۆ ڕزگار کردنی هاوڕێیانی لەگەڵ نوێنەری دەوڵتی بەریتانیا (کاپیتن هۆڵت) دانوستاندنی کرد و ئیتر بەریتانیا کۆتایی بەوقەزیەیە هێنا ، هەروەها لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تورکیا هەوڵی دەرکردنی ئاشوریەکانی دەدا ، لەم لایشەوە داگیر کەرانی بەریتانی هەوڵیان دەدا کوردانی مسوڵمانی نزیك لەسنوورەکانی تورکیا لە زێدی خۆیان دەربکەن ، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتیکردنی بەریتانیەکان لەگەڵ کوردانی بارزانی کە دوو ئەفسەری بەریتانیا لەناوچەی بارزان کوژرابوون .

ساڵی 1928 ئاشوریەکان بۆ نزیك ناوچەکانی بارزان ڕاگوێزران و لەوێ نیشتەجێ کران ، (شێخ ئەحمەد بارزانی) بەتوندی نەیاری ئەوکارەی بەریتانیەکانی کرد و بەریتانیا فەرمانی بە دەوڵەتی عێراق دا هێرش بێنە سەر ناوچەی بارزان و لە ساڵی 1931 هێرشێکی گەورە کرایە سەر بارزان ، شێخ ئەحمەد بارزانی فەرمانی بە برا بچووکەکەی واتا (مەلا مستەفا بارزانی) نەمرکرد کە بە هێزێکەوە بەرپەرچی سوورپای عیراق بدەنەوە کە بەهاوکاری سەرۆك هۆزێکی کورد بە ناوی (شێخ ڕەشید لۆلانی) هاتبوون. مەلامستەفا بارزانی و هێزەکەی لەوشەڕەدا زەبرێکی جەرگبڕیان لە سوپای عێراق و هاوپەیانە کوردەکەی و داگیر کەرانی بەریتانیا دا و توانیان شکستیان پێ بێنن . شەڕی حکومەتی مەلیکی عیراق بەپشتیوانی داگیرکەرانی بریتانیا لەگەڵ بارزانیەکان تا ساڵی 1947 بەردەوام بوو ، لەو ماوەیە فرۆکە بەریتانیەکان بەبێ دەست پاراستن گوندەکان و شوێنەکانی دەڤەری بارزانیان بۆردومان دەکرد و ژن و منداڵ و خەڵکی بێ تاوانی ناوچەکەیان بەئامانج دەگرت . لە ساڵی 1946 (سەرۆکی ڕۆحی نەتەوەییمان مەلا مستەفا بارزانی) وەرچەرخانێکی مەزن و وێستگەیەکی گرنگی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەکەمان هێنایە ئاراوە و لە 16 ی ئابی 1946 پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند .

کوردستان لە دوای شۆڕشی 14 ی تەموز

دیارە وەك ئێمە لە مانای شۆڕش تێگەیشتووین ، شۆڕشی چواردەی تەموزی عیراق لەلایەن زەعیم عەبدولکەریم قاسمەوە زیاتر کودەتایەکی سەربازی بوو ، بەڵام لە بەرژەوەندی نەتەوەکانی عیراق بوو هەروەها تا ئەو کاتەی قاسم کوردی بەشەریکی ڕاستەقینە و هاو وڵاتی پلە یەك دادەنا نێوانی سەرکردایەتی کورد و دەوڵەتی عێراق زۆرباش بوو ، دواجار شۆڤێنیە ڕەگەزپەرستەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری عیراق دانا و عەبدولکەریم قاسم کەوتە دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد و بەم کارەی لەسەرخشتی یەکەمی دیواری دەوڵەتی عیراق بەخواری خشتی دووەم و سێیەهم و هتد ... هەڵچنرا و تا دەهات دیواری دەوڵەتی عیراق بەخواری هەڵدەچنرا ، دژایەتی کردنی کورد لەلایەن عەبدولکەریم قاسم ئاکامەکەی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی لێکەوتەوە کە لە 11 / 9 / 1961 ئەو شۆڕشە مەزنە بەسەرۆکایەتی باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان (مەلامستەفا بارزانی) هەڵگیرسا و لەماوەیەکی کەمدا هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە . پیاوانی بەشەرەف و گەنجانی خوێن گەرم پۆل پۆل لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەڕۆیشتن و چەکی غیرەت و شەرەفی کوردایەتییان هەڵدەگرت ، حکوومەتە فاشیە یەك لە دوا یەکەکانی عیراق بە دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی زیاتر دیوارە خوارەکەی عیراقیان خوارتر و خوارتردەکرد ، کودەتا بەسەر کودەتا و کوشتار بە دوای کوشتار و بەگرتنی ئازادیخوازان و ڕاپێچکردنیان بۆ بەر پەتی سێدارە و دادگای سەربازی و ڕگوللەبارانکردنیان تا دەهات زیاتر دیوارە خوارەکەی عێراقیان بەخواری پێ بەرزەکردەوە .

دوا حکوومەتی عیراق کەحکوومەتی بەعسیەکان بە سەرۆکایەتی سەدام حسەین بوو جگە لە نەیاری کردن لەگەڵ شیعەکان و کووشت و کوشتاری ئازادیخوازان 182 هەزار کەسی بێ دیفاع لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و گەنجانی کوردی دەڤەری گەرمیان و هەشت هەزار بارزانی بەناوی ئەنفاڵ زیندەبەچاڵ کرد و بەکیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەپێنج هەزارکەس لەپیاوو ژن و منداڵ وپیرەژن و پیرەمێردی کۆکوژ کرد و زۆرێك لەناوچەکانی کوردستانی کیمیاباران کرد و هەرشار و شارۆچکە و گوندی کوردستان بوو کە تاوانبارانی بەعسی خاپوریان دەکرد و بەسەریەکدا دەیانڕوخاند و بەو کارە ناجوامێرانەیەیان دەیانویست ترس و هەیمەنە و هەژموونی خۆیان زیاتر بکەن و وڵاتانی دراوسێی پێ بتۆقێنن و گەورەیی دیوارە خوارەکەی عێراق بەرجەستەتربکەن .

حکوومەتی عیراق کاتێك خۆی لەبەر زەڕەبینی خۆبەزلزانی لەبەرامبەر وڵاتانی ناوچەکە بینی شەڕێکی نەگریسی تری بۆماوەی هەشت ساڵ لەگەڵ کۆماری تازە بونیات نراوی ئیسلامی ئێران بەرپاکرد ، جگەلەوەش شەڕی دژ بە کورد و هاو وڵاتیانی تری عیراقی بەشیعە و سوننەوە چڕتر کردەوە و کەوتە وێرانکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان و ڕاگواستنی دانیشتوانی ئەو شوێنانە بۆ کۆمەڵگەکان. کاتێك سەدام حسەین لەشەڕی نەگریسی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران کە بەشەڕی (قادسیە) ناوی لێ نابوو تەواو بوو ، زیاترحەریس بووەوە دوا جار پەلاماری دەوڵەتی کوێتی دا و بەوکارەی تەمەنی خۆی بەرەو کۆتایی برد بەمەیش خشتی زیاتربەخواری لەسەر دیوارە خوارەکەی



11ی3ی1917 داگیرکردنی بەغدا لەلایەن سوپای ئینگلیز بەسەرکردایەتی (جەنەڕاڵ فریدریك ستانلی مود).

عیـراق هەڵچـنرا .

دوای ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی سـاڵی1991 کوردسـتان بەحیکمەتـی سـەرکردە بەئەمەکەکانـی توانـی هەرێمێکـی نیمچـە سـەربەخۆپێکبێنێت و تـا سـاڵی 2003 بیێـت بەلانکـەی زۆرێـك لەسـەرکردە نەیارەکانـی عێـراق و کـورد وەکـو برایـەك سـەیری ئەوانـی دەکـرد و خزمەتـی ئەوانـی دەکـرد ، ئیترکوردسـتان ببـوو بـە شـوێنی ئازادیخـوازان و نەیارانـی دیکتاتـۆری عیـراق .

کوردستان دوای پڕۆسەی ئازادی عیراق

کاتێـك پڕۆسـەی ئـازادی عیـراق لەلایـەن ئەمریـکا و هاوپەیانـان دەسـتی پێکـرد ، بـۆ ئـەو مەبەسـتەبوو کـە عیراق لـە دیکتاتۆریـەت ڕزگاربکرێـت و بـەرەو ئـازادی و پێکەوەژیانـی گەلانـی عیـراق هەنـگاو بنرێـت و بـەرەو دیموکراسـی و فیدرالـی ئاراسـتە بکرێـت ، بـەڵام هـەر ئـەو سـەرکردە نەیارانـەی حکوومەتـی دیکتاتـۆر کاتێـك ڕووخانـی دەوڵەتـی سـەدامیان بینـی ، خۆیـان لـە ئاسـتێکی بـەرز و گـەورەدا بینیـەوە و ئیتروەکـو سـەردەمی ئاوارەییـان لەکوردسـتان مامەڵەیـان لەگـەڵ کـورد دا نەدەکـرد و وەك گەلەگورگێـك لەسـەرلاشـەی سیاسـی و ئابـووری عیـراق کۆبوونەوە و هـەرکام لـەوان گـروپ و میلشـیایەکیان بۆخۆیـان دامەزراند وبـە قەپاڵـی گـەورە لەلاشـەی ئابـووری عیـراق بوونـە خاوەن بەرژەوەندییەکـی سەرسـوڕهێنەر .

ئـەو سـەرکردە فاشـیە بێئەمەکانـە هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنـی دەوڵەتـی نوێـی عیـراق بەڕاسـت و بەچەپـا دژایەتـی کوردیـان دەکـرد و خواسـتیان ئـەوە بـوو ئاراسـتەی دیموکراسـی و فیدرالـی عیراقـی پـێ لەباربـەن ، ئێستایشـی لەسـەربێت ئـەو ڕەگەزپەرسـتانەی عیـراق هـەر ئـەوە مەرامیانـە . هەرچنـد سـەرکردایەتی کـورد لـە پڕۆسـەی دامەزراندنـی عیراقـی نـوێ هاوکارییەکـی بـێ وێنـەی عیراقیەکانیـان کـرد و لـە نووسـینەوەی دەسـتوری نوێـی عیـراق و گەلـێ پڕۆسـەی چارەنووسـازی تـری سیاسـی و ئابـووری ڕۆڵـی کاریگەریـان بینـی ، بـەڵام ئـەو گەلەگورگـە نـەك تەنهـا ئـەو خزمـەت و هاوکارییانـەی کـە کـورد لـە کوردسـتان و لـە سـەردەمی دیکتاتـۆری بـۆ ئەوانـی دابیـن کردبـوو و نـە ئەوخزمەتـە بێوێنەیـەی کـە کـورد لەپڕۆسـەی ئـازادی عیـراق و بونیاتنانـەوەی عیراقـی نـوێ بەوانـی کردبـوو بەهەنـد وەرنەگـرت و لـە ئاسـتیا بـێ وەفـا ونمـەك بەحـرام دەرچـوون و ئیـتر کەوتنـە دژایاتیکردنمـان . هەرچەندکوردسـتان بەگوێـرەی دەسـتور و حوکمـی فیدرالـی هەرێمێکـی سـەربەخۆی هەبـوو ، بـەڵام سیاسـیەکانی عیـراق دژی ئـەو فیدرالیـە و ئـەو هەرێمـە سـەربەخۆیە کاریـان دەکـرد وکەمتریـن داخوازیەکانـی کوردیـان بەلاوەقـورس بـوو و نەیاربـوون لەگەڵیـا ، جارێـك مـادەی 140 ی دەسـتوریان پێشـێل دەکـرد و جارێـك لە ئاسـتیا گوێی خۆیـان کـەر دەکـرد و دەسـتی دەسـتییان پـێ دەکردینَ . لـە2014 ئیترکار گەیشـتە ئـەوەی کەپشـکی هەرێمـی کوردسـتان لـە بودجـەی عیـراق بەنایاسـایی ببـڕن و هەرێـم بخەنـە نێـو قەیرانێکـی دارایـی ، جـا ئـەو سـەرکردانەیش بەوکارەیـان هـەم دەسـتوری عیراقیـان پێشـێل کـرد و هـەم خشـتی تریـان بەخـواری لەسـەر دیـوارە خوارەکـەی عیـراق هەڵچنـی . باسـی ئەوهەمـوو نەیاریـەی سـەرکردە ڕەگەزپەرسـتانەی عیـراق دەرهـەق بەگەلـی کـورد و (گەلەکۆمەکـی) عیـراق + ئێـران + تورکیـا و بەهەڵکردنـی گلۆپـی سـەوزی ئەمریـکا و هاوپەیانانـی لـە16 ی ئۆکتۆبـەر باسـێکی دوور و درێـژە وئامـاژەپێـدان بـە وردە کاریەکانـی ئەوکارانـەی فاشیسـتەکانی عیـراق پێویسـتی بـە سـەدان مـەن کاغـز و دریاچەیـەك مەرەکـب هەیـە . مـاوە بڵێـم : بەڕاسـتی عیراقـی ئەمـڕۆ بـە بۆنـەی ئەوسـەرکردە بەرژەوندخـواز و گەندەڵانەبـووە بەمۆتەکەبـەك بـۆ ئێمـەی کـورد و تـا ئـەو سـەرکردە خاوەن میلشـیانە و ئـەو بەرژەوەندخـواز و گەندەڵـە ڕەگەزپەرسـتانە بـەو جـۆرە بیربکەنـەوە حاڵـی عیـراق لـەوەی هەیـە باشـتر نابێـت و زیاتـر دیـوارە خوارەکـەی بەخشـتە هەڵەکانـی سـەرکردە نەزانەکانـی بەخـواری هەڵدەچنرێـت و بەرزتـر و بەرزتـر دەبێتـەوە و لەپڕهەرەس دەهێنێـت و دەڕووخێـت .

سیستەمی فیدرالی لە ڕوانگەی پێکهاتەکانی عێراق



عەباس سواره

فیدرالیـەت بەواتـای یەکگرتـن و پەیـمان دێـت لـە نێـوان ژمارەیـەك لـە نەتـەوەی جیـاواز لـەڕووی زمـان، مێـژوو، کلتـور، ئایـن و مەزهـەب. بـۆ بەیەکـەوە ژیانێکـی ئاشـتیانە لەسـەر بنەمـای دەسـتورێکی مۆدێـرن کەڕەنگدانـەوەی تایبەتمەنـدی وڵاتەکـە بێـت لـە ڕووی سیاسـی، دێموگرافیـا، ئابـووری و کلتـوری و بێـت بـە چەتریـك و هەمـوان لـە ژێـری کۆبنەـوە لەسـەر بنەمـای دابەشـکردنی سـەروەت و سـامانی سروشـتی و ناسروشـتی وڵات و بەشـداری هەمـوو پێکهاتـەکان لـە بەڕێوەبـردن بەبـێ پەراوێزخسـتنی هیـچ پێکهاتەیـەك. ئـەو کاتـە وڵات ئارامـی بەخۆیـەوە دەبینـێ و گەشـەپێدان هەسـتی پـێ دەکرێـت بـە مانـا زانسـتیەکەی و ئارامـی و ئاسـایش باڵ دەکێشـێ بەسـەریدا. سیسـتەمی فیدرالـی ڕێگـر دەبێـت لەشـەڕو کوشـتار، بۆیـە ئـەو گەلانـە پەنـا بـۆ فیدرالیـەت دەبـەن کـە قەیرانـی بەیەکـەوە ژیـان یـان هەیـە، ئـەوەش دەبێتـە چارەسـەرێکی مـام ناوەنـد لـە نێـوان سـەربەخۆیی تـەواو و لـە بەریـەك هەڵوەشـانەوەی وڵاتێـك.

فیدرالیـەت دەکرێـت بـە دوو شـێوەی سـەرەکی پێـك بێـت، یـان لەیەکگرتنـی چەندەدەوڵەتێکـی سـادە بـۆ سیسـتەمێکی فیدرالـی، یـان لـە هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتێکـی سـادە بـۆ ژمارەیـەك هەرێـم، کانتـۆن یـان ویلایـەت لـە پێنـاو بەدیهێنانـی کۆمەڵێـك ئامانجـی دیاریکـراو کـە لەبەرژەوەنـدی پێکهێنەرەکانـی بێـت. مەرجـی سـەرەکی بـۆ سـەرکەوتنی سیسـتەمی فیدرالـی هـاوکاری و هـاو ئاهەنگـی پێکهێنەرەکانیەتـی تـا چ ئاسـتێك دڵیـان پێـی خـۆش بێـت کار بـۆ سەرخسـتنی بکـەن سـەردەکەوێت و ڕۆژ دوای ڕۆژیـش بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو دەنێـت، بۆیـە دەگوترێـت یەکێتـی ئارەزوومەندانـە (اتحـاد اختیـاری). فیدرالیـەت ناکرێـت بەشـێوەی دیفاکتـۆ (امرواقـع) دروست بێـت ئـەو کاتـە پێکهاتـەکان هـاوکارو هاوئاهەنـگ نابـن لەگـەڵ یەکتـرو کار بـۆ سـەرکەوتنی ئەزمونەکەنـاکەن، کەواتە ڕۆژ دوای ڕۆژ بـەرەولاوازی هەنـگاو دەنێـت سـەرئەنجام ڕوبـەڕووی شـەڕو کوشـتاری ناوخـۆ دەبێتـەوە بەهـۆی قەیرانـی سیاسـی و ئابـووری وڵات و دوای ئـەوە کـە پێکهاتەیـەك یـان چەنـد پێکهاتەیـەك هەسـت دەکـەن پەراوێـز خـراون و بەشـیان نیـە لـە سـەروەت و سـامان و بەشـداری ڕاسـتەقینە نیـن لـە بەڕێوەبردنـی وڵات. ئەزمونـی سـەرکەوتووی فیدرالـی لـە جیهانـدا زۆرە کـە توانیویانـە کەڵکـی لـێ وەربگـرن و کۆمەڵێـك ئامانجـی گـەورەش بـەدی بهێنـن بەتایبـەت ئارامـی و خۆشـگوزەرانی تـەواو بـۆ هاوڵاتیانـیان وەك ئەزمونـی فیدرالـی سویسـرا، بەلجیکا، ئەڵمانیـا. سـەرکەوتووترین ئەزمونیـش وڵاتانـی یەکگرتـووی ئەمریکایـە کـە سیسـتەمی فیدرالـی نـەك ویلایەتێـك بەڵکـو کیشـوەرێکی بەیەکـەوە گرێـداوە و سـەرکەوتنی بـۆ بەدیهێنـاوە. هۆکارەکەشـی ئەوەیـە کـە یەکێتیەکـی ئارەزوومەندانەیـە و لێکتێگەیشـتنی تـەواو لـە نێـوان پێکهێنەرەکانـی سیسـتەمەکەدا بەرجەسـتە بـووە. بەپێـی ئـەو پێوەرانـە کـە دەبێـت هەبـن بـۆ دروسـت بونـی سیسـتەمێکی فیدرالـی دەکرێـت بڵێیـن عێـراق وڵاتێکـی فیدرالیـە و مقوماتـی فیدرالیەتـی تێدایـە، ئایـا پێویسـتە دڵـیان بەئایندەی ئـەو وڵاتـە خـۆش بێـت؟، ئایـا بەیەکـەوە ژیانـی ئاشـتیانە هەسـتی پـێ دەکرێـت لـەو وڵاتـەدا؟، ئایـا شـەراکەتی نیشـتمانی ڕاسـتەقینە بونـی هەیـە لـە عێـراقدا؟، ئایـا دەسـتور بۆتـە کۆکـەرەوەی هەمـوان و بۆتـە چەتریـك کـە هەمـوو پێکهاتەکانـی عێـراق لـە ژێـر سـێبەریدا پشـوو بـدەن؟. بـێ گومـان نەخێـر!؟. یەکێـك لـە هـۆکارە سـەرەکیەکانی نـە چەسـپانی سیسـتەمی فیدرالـی لـە عێـراق قەیرانـی لەیەکـتر حاڵـی بوونـە بـەو پێیـەی کـە هەمـوو پێکهاتەکانـی ئـەو وڵاتـە تێڕوانینیـان وەك یـەك نیـە بەرامبـەر بـە شـێوازی بەڕێوەبردنـی وڵات و ئاینـدەی ئـەو وڵاتـە هەتـا ئێسـتاش هەوڵـی زۆر هەیـە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتەمی فیدرالـی و هەموارکردنـەوەی دەسـتور لەگـەڵ ئـەوەدا کـە دەسـتوری عێـراق جامـدە و شـێوازی هەموارکردنـەوەی زەحمەتـە. زۆر ڕێـکار هەسـتی پـێ دەکرێـت کـە لایەنەکانـی عێـراق پەنـای بـۆ دەبـەن کـە ڕەنگـە هاندانـی دەوروبەریشـی لـە پشـت بێـت، ئـەوە دەسـەلێنێ کـە دەیانەوێـت جارێکـی دیکـە عێـراق بـەڕەو وڵاتێکـی سـادە و مەرکـەزی ببەنـەوە. بۆیـە پیلانـەکان ئاشـکران و تـەواو هەسـتیان پـێ دەکرێـت ئەگـەر گەلـی کـورد یەکگرتـوو نەبێـت زۆر دەسـتکەوت لـە دەسـت دەدات. ئەوەشـیان تەنهـا لایەنێـك یـان ناوچەیـەك لـە کوردسـتان لێـی زیانمەنـد نابێـت. بەداخـەوە بەهـۆی کێشـەو مللمانێـی ناوخۆ خەریکـە کێشـە سـەرەکیەکانمان بیـر بچێتـەوە کـە خـۆی لـە کێشـەی گەلێکـی سـتەم دیـدەدا دەبینێتـەوە کـە خەباتـی زۆر و قوربانـی بـێ شـوماریان بـۆ دراوە و مێژوویەکـی هەیـە لـە ناوچەکـە داواکارییـش ڕەوان ئەگـەر هەوڵیـان بـۆ نەدرێـت بـەدی نایـەن و دەرفەتەکانیـش لـە دەسـت دەچـن. یەکێـك لـە بنەماکانـی فیدرالـی دابەشـکردنی سـەروەت و سـامانی وڵاتـە لـە نێـوان دەرەکـی دان و هـەوڵ بـۆ بەدیهێنانـی و ئارامـی و ئاسـایش و پاراسـتنی سـەروەت و سـامانی وڵات نـادەن.

کەواتـە پێکهاتەکانـی عێـراق باوەڕیـان بـە سیسـتەمی فیدرالـی نیـە و کاریـش بـۆ سـەرکەوتنی ناکـەن. بۆیـە پێویسـتە هەمـوو لایەنەکانـی کوردسـتان بەتایبـەت و گەلـی کـورد بەگشـتی نیەتـی ئـەوان بزانـن و چـی دیکـە یەکتر تاوانبـار نەکـەن، چونکـە کار گەیشـتۆتە ئـەوە کـە زۆر کـەس گرفتەکانـی نێـوان هەوڵێـر و بەغـدا بەخەتـای کـورد هەژمـار دەکـەن و چاوپـای لـەوە نیـە یـان نایانەوێـت ئـەوە ببینـن کـە ئـەوەی هـۆکاری کێشـەکەیە پێکهاتەکانـی دیکـەی عێڕاقـە کـە لەگـەڵ سـیییتەمی فیدرالـی عێـراق نیـن.



بۆیـە ئـەو پرەنسـیپانە جێبەجـێ ناکـەن کـە دەبێـت لـە سیسـتەمی فیدرالیـدا هەبێـت وەك:

1ـ ڕێگـە نـادەن بەدروسـتکردنی هیـچ هەرێمێکـی دیکـە لـە عێـراق لـە کاتێکـدا دەسـتور ڕێگـەی پێـداوە، داواکاری زۆریـش هەبـوو بـۆ دروسـتکردنی هەرێمـی دیکـە لـە عێڕاقـدا لەگـەڵ ئـەوەدا داواکاری پێکهاتـەی سـوننە و بەشـێکی شـیعەش بـوو.

2ـ هەتـا ئێسـتا ڕێگەیـان نـەداوە بەدروسـتکردنی ئەنجومەنـی فیدرالـی کەناکرێـت وڵاتێـك فیدرالـی بێـت تەنهـا یـەك ئەنجومەنـی هەبێـت.

3ـ دەسـتوریان پشـتگوێ خسـتووە و جێبەجێـی ناکـەن لـە جێگـەی جێبەجـێ کردنـی مـاددەی(140) هەوڵـی بـە عـەرەب کردنـەوەی ناوچـە کوردسـتانیەکان دەدەن و ناوچەکەیـان خسـتۆتەوە ژێـر حوکمـی سـەربازی!.

4ـ خـۆ دزینـەوە لـە جێبەجـێ کردنـی ڕێککەوتنامـەکان.

5ـ هەوڵـدەدەن بـۆ پەراوێزخسـتنی پێکهاتـەکان و ڕێگـە نـادەن بـە بەشـداری ڕاسـتەقینە!.

6ـ هەتـا ئسـتا لـە عێـراق یـەك هەرێمـی فیدرالـی هەیـە کـە هەرێمـی کوردسـتانە؟. کەواتـە ناکرێـت بڵێیـن ئەزمونـی فیدرالـی عێـراق سـەرکەوتووە و چاوەڕێـی ئایندەیەکـی گەشـی لـێ دەکرێـت. چونکـە تێڕوانینـی هەمـوو پێکهێنەرەکانـی فیدرالیەتـی عێـراق وەك یـەك نیـە و هەمـوو پێکهاتـەکان کار بـۆ سـەرکەوتنی سیسـتەمی فیدرالـی ناکـەن و هـەر پێکهاتەیـەك لـە ڕوانگـەی بەرژەوەنـدی خۆیـەوە سـەیری ئایندەی عێـراق دەکـەن.



عێراق و جێبەجێ کردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان

سەگڤان هالو

هەرێمـی کوردسـتان وەک بەشـێک لـە عێـراق لـە ڕوی دەسـتوورییەوە هـەر لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعسـی فاشـی تاکـو ئێسـتا سـەرەڕای گۆڕینـی دەموچـاوەکان لـە خولێکـەوە بـو خولێکـی تـر، دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بـە پێـی ئـەو ڕێککەوتنـە سیاسـییەی کـە کـرا و مافـە دەسـتوورییەکانی پێکهاتـەکان لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە مافـە ڕەواکانـی کـورد لـە دەسـتوری هەمیشـەییدا جێگیـر کـران، بـەڵام نەکەوتنـە بـواری پراکتیکییـەوە و پشـتکوێ خـران.

عێـراق وڵاتێکـە بـە دریژایـی سـەدەیێکە جـا چ لـە لایـەن کەمینـەی سـوننەوە بووبێـت یـان زورینـەی شـیعە دژایەتـی مافـە ڕەوا و دەسـتوورییەکانی کوردیـان کـردووە.


بـە هەمـوو شـێوەیێک و هیچـکات کوردیـان قبـووڵ نەکـردووە و مێـژووی سیاسـیی عێـراق ئـەم ڕاسـتییەمان پـێ دەڵێـت.

شـایانی باسـە دەوڵەمەندیـی ئـەم وڵاتـە بـە نـەوت و کانزاکان و پێگـەی گرنـگ و هەسـتیاری عێـراق لـە نێـو جوگرافیـای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وایکـردووە بێتـە چەقـی مللمانێـی هەرێایەتـی و نێودەوڵەتـی و باجـی قورسـی مللمانێـی دەرەکـی بـدات و توشـی ناسـەقامگیریی سیاسـی و ئەمنـی و کومەڵایەتـی و ئابـووری و دارایـی و تەندروسـتی بێـت.

عێـراق لـەو ڕۆژەوەی کـە دامەزرێنـدرا و بـوو بـە دەوڵـەت لـە نێـو قەیرانـە یـەك لـە دوا یەکەکانـدا گـوزەری کـردووە و دەکات،چونکـە ڕژێـم و حکوومەتـە یـەك لـە دوا یەکـەکان حوکمڕانـی فاشـیل و شکسـتخواردوو بوونـە، ئەمـەش وەك هوکارێکـی سـەرەکی تـر کـە بووەتـە هـۆی گەیاندنـی ئـەم وڵاتـە بـەم بارودۆخـە ناهەمـوار و مەینەتبـارەی ئێسـتا.

هـەر وڵاتێـك خاوەنـی سـەبەخۆبوون نەبێـت لـە ئیـرادەی سیاسـی و نەتوانـێ پێناسـەی خـۆی بـکات دوچـاری شکسـت و ماڵوێرانـی دەبێـت، عێـراق ئیـرادەی سیاسـیی خـۆی لـە دەسـت داوە، بۆیـە هیـچ هەنگاوێـك ناهاوێـت کـە تێیـدا بەرژەوەندیـی دەرەکـی بـە نـەزەر ئیعتیبـار وەرنەگرێـت، کەواتـە سـەرکردایەتیی سیاسـی کـورد بـۆ مامەڵەکـردن لـە گـەڵ عێـراق زەروورە، هـاوکات لـە گـەڵ بەهەنـد وەرگرتنـی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی وهەرێمـی هەنـگاو هەڵێنێـت تاکـو بتوانێـت لـە دانوستانەکاندا بـە سـەرکەوتوویی لـێ دەربچێـت. چونکـە هـەروەك ئامـاژەم پێـدا لـە سـەرەوە بڕیـاری سیاسـی بەغـدا لـە دەسـت خۆیـدا نیـە، بۆیـە سیاسـەتێکی حەکیمانـە و دیپلۆماسـییەتێکی بەهێـزی گەرەکـە و سـەرکردایەتیی سیاسـی کـورد دەبـێ گەمەیێکـی سیاسـی بەهێـز بـکات بـە تایبـەت لـەم کات و بارودۆخـە ناسـکەدا.

لـە کۆتایـی وتارەکەمـدا پێویسـتە بڵێـم ئێمـەی کـورد کێشـەمان لـە گـەڵ عەقڵیـەی سیاسـیی لاواز و بـێ ئیـرادەی دەسـەڵاتدارانی بەغدایـە، چەشـنە عەقڵیـەتێکی دور لـە لۆژیـک و مەنتقـی دیموکراسـی گـەر بێـت، ئێسـتاش بەغـدا دان بـە مافـە دەسـتورییەکانی کـورد دا بنێـت، عێڕاقێکـی یەکپارچـە و یەکگرتـوو دێتـە ئـاراوە لـە هەمـوو ڕوویێکـەوە بەهێـز دەبێـت، پێچەوانەکەشـی ئەوەتـا ئێمـە بـە چـاوی خۆمـان دەبینیـن کـە چ عێڕاقێکـی وێـران و کاوڵـە.



شکۆ و کەرامەتی ئینسانەکان لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا

سەلام سەلمان برادۆستی

قسـە کـردن لەسـەر کەرامەتـی مرۆڤـەکان، بابەتێکـی هەسـتیار و گرنگـە، وروژاندنـی ئـەم بابەتانـە و هۆشـیارکردنەوەی خەڵکـی، پێویسـتە بەتایبەتـی لـە سـەدەی بیسـت و یـەکا کـەوا چەنديـن هـۆکار (وەسـائیل)هەن بـۆ گەیانـدن و بڵاوبونـەوەی بابەتـەکان، ئێسـتا کـەوا تەکنەلۆژیـا پێشـکەوتنی بەخۆیـەوە بینیـوە، کەرامەتـی ئینسـانەکان تـا ڕادەیێـك لـە مەترسـی دایـە، لەگـەڵ ئـەوەی هەندێـك جـار مرۆڤـەکان خۆیـان دەبنـە هـۆی لەکەدارکردنـی کەسـایەتییان و خـۆ بچـووک کردنەوەیـان، بـەڵام زۆرجاریـش تـۆزە کۆمەڵایەتییـەکان و تیڤییـەکان هـۆکارن بـۆ شـکاندن و بچـووک کردنـەوەی یەکـتری و لـە هەمـان کاتـدا هەندێـک جاریـش ئێمـە تووشـی ئـەو هەڵەیـە دەبیـن کاتێـک بەرانبەرەکەمـان هەڵەیـەك بەرانبـەر ئێمـە ئەنجـام دەدات، هەوڵـی ئـەوە دەدەیـن تۆڵـە بکەینـەوە، بگـرە پێمـان بکرێ بەشـێوەیەکی خراپتریـش تۆڵـەی لـێ دەکەینـەوە و نـاوی دەزرێنیـن، لـە کاتێکـدا دەبێـت بڵێیـن گەرچـی ئـەو کەمتەرخـەم بـووە بەرانبـەر بـە مافەکانـی مـن، بـەڵام هێشـتا مافـی ئـەو لـە لای مـن پیـرۆز و موقەدەسـە، پاراسـتنی شـکۆ و کەسـایەتیی پێویسـتە. ئیرلەندییـەکان بـە یەکەمینـی ئـەو گەلانـە دادەنرێـن کـە دەسـتەواژەی کەرامەتیـان لـە دەسـتوری سـاڵی 1937ی خۆیـان بـەکار هێنـا، هەروەهـا لـە دەسـتوری ئەڵمانیـاش لـە باسـی کەرامـەت یـان (ئەرزشـی خـودی) دەڵێـت (کەرامەتـی ئینسـانەکان شـتێکە هیـچ کەسـێک ناتوانـێ دەسـتی بـۆ بەرێـت، پێویسـتە ڕێـزی لـێ بگیرێـت و پارێـزگاری لـێ بکرێـت، ئەمـە واجبیشـە لەسـەر هەمـوو دەسـەڵاتدارەکانی دەوڵـەت). لەلایەکـی تـرەوە دەبینیـن لـەم زەمەنـەدا هەندێـک کـەس کەرامەتـی خـۆی لەکـەدار دەکات و هـەرزان فرۆشـی دەکات، چونکـە کەسـایەتیی خـۆی و عیـزەت نەفسـی خـۆی لـەو ئاسـتەدا دەبینێتـەوە، بـێ ئـاگا لـەوەی کـەوا ئینسـانەکان عیزەتیـان هەیـە، دەبێـت کەسـایەتیی خۆیـان بپارێـزن، دەبێـت ئـەوەش بزانیـن مـەرج نیـە تـۆ تەنهـا بـە جەسـتە مرۆڤـەکان ئـازار بـدەی، چونکـە ئـازاری دەروونـی و لەکەدارکردنـی شـکۆی کەسـەکان ناخۆشـترە لـە ئازاردانـی جەسـتەییە، چونکـە کەرامەتـی ئینسـانەکان شـتێکی نامادییـە و ناتوانیـن بـە پـارە و سـەروەت و سـامان داری کەرامەتێکـی شـکاو دروسـت بکەینـەوە.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە عسی محمد عسی جۆری ئۆتۆمبێل شوڤر فالڤو L-٩٠ ڕەنگ زەرد+پرتقالی مۆدێل ١٩٩٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٩٦٩٢ کاتی دھوک ژمارەی شاصی L٩٠CV١٦٥٧٥ وون بووە ھەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە ھبە جۆری ئۆتۆمبێل: حفارة زنجیل دوسان حجم کبیر ڕەنگ پرتقالی مۆدێل ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٠٥٤٧ کاتی ژمارەی شاصی: DWBHEBK٠P٧٠٠٥٠٠٤٤ وون بووە ھەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی ھەولێر بەناوی فرمان یونس مولود وون بووە ھەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای کۆسرت مامە کاکو جۆری ئۆتۆمبێل عەرەبانە مع براد ٣ دنگل ڕەنگی سپی ژمارەی شاصی YF٩TTS٣LLU٠١٥٤٤٧ وون بووە ھەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

دادگای بەرایی لە خەبات

ژمارە:٤١/ك/٢٠٢٠

ڕێکەوت:١١/٨/٢٠٢٠

جاردان

ئاگادارکردنەوە

ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٤١/ك/٢٠٢٠) بـۆ تۆمەتبـاران وھـاب درویـش حمـو وە ھرکـی وھـاب درویـش لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونتان دادگا بریـاری بـە ئاگادارکردنەوەتـان لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی فەرمـی ناوخۆیـی ڕۆژانـە بۆیـە پێویسـتە لەسـەرتان ئامادەبـن لـە ڕۆژی دادگایـی ٢٠٢٠/١٠/١٨ کاتژمێـر نـۆی لەسـەر بەیانـی بـۆ دادگاییـی بەپێـی مـادە ٤١٣ لـە یاسـای سـزا لـە داوای ژمـارە ٤١/ك/٢٠٢٠ بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.

دادەر/ سمکو روستم سمین

***

دادگای بەرایی لە خەبات

ژمارە:٦٢/ك/٢٠٢٠

ڕێکەوت:١١/٨/٢٠٢٠

جاردان

ئاگادارکردنەوە

ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٦٢/ك/٢٠٢٠) بـۆ تۆمەتبـار محمـد خالـد عبداللـە لەبـەر نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێبوونت دادگا بریـاری بـە ئاگادارکردنـەوەت لەڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی فەرمـی ناوخۆیـی ڕۆژانـە بۆیـە پێویسـتە لەسـەرت ئامادەبیـت لـە ڕۆژی دادگایـی ٢٠٢٠/١٠/١٨ کاتژمێـر نـۆی لەسـەر بەیانـی بـۆ دادگاییـی بەپێـی مـادە ٤٣٣ لـە یاسـای سـزا لـە داوای ژمـارە ٦٢/ك/٢٠٢٠ بەپێچەوانـەوە دادگاییـی کـردن دەرھەقـت ئەنجـام دەدرێ.

دادەر/ سمکو روستم سمین

***

دادگای کەتنی ھەولێر/٤

ژمارە/٣٥٤/ك٤/٢٠٢٠

ڕێکەوت/١٧/٨/٢٠٢٠

بۆ تۆمەتباری ھەڵاتوو/ علی حیدر حمکو

ئاگادارکردنەوە

لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێتان نادیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادە ١٤٣/ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزایی. دادگاکەمـان بریـاری دا لـە ڕێـگای ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگاییـ لـە کاتژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە بـەروار ٢٠٢٠/١٠/٤ بـە مەبەسـتی دادگاییـی کردنـت بـە پێـی مـادە (٤٥٦) لـە یاسـایی (سـزادان) بـە پێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.

دادەر/ ئومید محسن حمدامین

***

دادگای کەتنی ھەولێر/٤

ژمارە/٤١٣/ك٤/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ١٧/٨/٢٠٢٠

بۆ تۆمەتباری ھەڵاتوو/ دیدار دلدار مامند

ئاگادارکردنەوە

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای ھەولێر

ھۆبەی یاسا

ژمارە: ٨٣٤١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕێزمان) بۆ وە بەرھێنانی خانووبەرە/سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (ڕێزمـان) بـۆ وە بەرھێنانـی خانووبەرە/سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٨/٢٢) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەڕێڕپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (بیسـتون انـور فتـاح) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەرێوەبـەری کۆمپانیاکانـی ھەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی ھەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٥

پشتیوان مصطفی قادر

بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی ھەولێر

بەربـژارێ تاخـێ (ڕۆژ) ئەڤجـا بریـار ھاتـە دان کـو ئاگەھداریـا تـە بێتـە کـرن ب ڕێکـا دوو ڕۆژنامەیێـت ڕۆژانـە دا ئامـادە بـی ل ڤـێ دادگەھـێ ل ڕۆژا (٧/٩/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێـر ٩ سـپێدێ یـان بڕیکارەکـێ پێـش خـو ڤـە ئامادەبکـی و بەرۆفاژیـا ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەھـا تـە پاشـەملی ھێتـە کـرن.

دادەر / دارا طاھر توفیق

***

دادگای باری کەسی ھەولێر/٤

ژمارە: ٥٨٨٥/ش٢٠١٩/٤

بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٥

جارِدان

بۆ/داوالێکراو: فاطمە محمد شاکر) شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە

داواکار(یوسف مسعود سلطان) داوای ژمارە (٥٨٨٥/ش٢٠١٩/٤)ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە، تیایـدا داوای (تفریـق للنشـوز) دەکات، وەلەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری (زێرێـن) بۆیـە دادگا بڕیاریـدا بـە پێڕاگەیاندنـت لەرێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ڕۆژانـە، بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـە ڕۆژی دادبینـی (٢٠٢٠/١٠/٦) بـە پێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێـت بەشـێوەی ئاشـکراو پاشـملە.

دادەر/صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی ھەولێر/٣

ژمارە: ١٠٣٩/ش٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٥

ئاگادارکردنەوە

بۆ/داوالێکراو: حیاة النعیمە،

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار: (حسـن احمـد محمـد) داوای ژمـارە (١٠٣٩/ش٢٠٢٠/٣)ی لـەم دادگایـە دەرھـەق بەتـۆ تۆمارکـردووە، تیایـدا داوای (پەسـندکردنی تەڵاقـی دەرەکی-تصدیـق الطـلاق الخارجـی) دەکات. لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری گەرەکـی (نەورۆز-ھەولێـر)، دادگا بڕیاریـدا لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە ڕۆژی دادبینـی (٢٠٢٠/١٠/٤) کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێکـی یاسـایی لەجیاتـی خـۆت ئامادەبێـت. بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرھەقـت بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

دادگای باری کەسی ھەولێر/٣

ژمارە: ٢٤٥٧/ش٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو: (شیرڤین محمد رحیم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (ھانـا فرھـاد مجیـد) داوای ژمـارە (٢٤٥٧/ش٢٠٢٠/٣)ی لـەم دادگایـە دەرھـەق بـە تـۆ تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (بژێویـی بەردەوام و رابـردوو- النفقـة الماضیـة و المستمرة) دەکات لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە دادگا بریاریـدا لەرێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٧ کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێکـی یاسـایی لـە جیاتـی خـۆت ئامادەبێـت، بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرھەقـت بەپاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

دادگای باری کەسی ھەولێر/٣

ژمارە: ٢٤٥٩/ش٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٦

ئاگادارکردنەوە

بۆ/داوالێکراو: (شیرڤین محمد رحیم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (ھانـا فرھـاد مجیـد) داوای ژمـارە (٢٤٥٩/ش٢٠٢٠/٣)ی لـەم دادگایـە دەرھـەق بـە تـۆ تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (جیابوونـەوە بەھـۆی جێھێشـتن – التفریـق بسـبب الھجـر) دەکات لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە دادگا بریاریـدا لەرێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە ڕۆژی دادبینـی (٢٠٢٠/١٠/٤) کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێکـی یاسـایی لەجیاتـی خـۆت ئامادەبێـت. بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرھەقـت بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

دادگای باری کەسی ھەولێر/٣

ژمارە: ٢٤٥٧/ش٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو: (شیرڤین محمد رحیم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (ھانـا فرھـاد مجیـد) داوای ژمـارە (٢٤٥٧/ش٢٠٢٠/٣)ی لـەم دادگایـە دەرھـەق بـە تـۆ تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (بژێویـی بەردەوام و رابـردوو- النفقـة الماضیـة و المستمرة) دەکات لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە دادگا بریاریـدا لەرێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـەڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٧ کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێکـی یاسـایی لـە جیاتـی خـۆت ئامادەبێـت، بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرھەقـت بەپاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادەر/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی

***

دادگای باری کەسی ھەولێر/٣

ژمارە: ٢٤٥٩/ش٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٦

ئاگادارکردنەوە


بۆ/داوالێکراو: حیاة النعیمە،

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار: (حسـن احمـد محمـد) داوای ژمـارە (١٠٣٩/ش٢٠٢٠/٣)ی لـەم دادگایـە دەرھـەق بەتـۆ تۆمارکـردووە، تیایـدا داوای (پەسـندکردنی تەڵاقـی دەرەکی-تصدیـق الطـلاق الخارجـی) دەکات. لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری گەرەکـی (نەورۆز-ھەولێـر)، دادگا بڕیاریـدا لـە ڕ


شوان قەرەداغی


لوقمان سەلیم


شیلان عوسمان


زانا مەحمود هەژار

بۆچی ئاوازە ڕەسەنەکان هەمیشە نەمرن و ئاوازە نوێیەکان تەمەن کورتن؟

ڕاپۆرت/پەریهان عومەر

ڕۆژانە گوێمان لە گۆرانییەکی نوێ دەبێت، کاریگەری بۆ سەرمان بە چەند ڕۆژێک کۆتایی دێ و لەوانەیە ئیتر گوێی لێ نەگرینەوە، کەچی حەز و چێژی بیستنی ئاوازە ڕەسەنەکان تا دێت زیاتر دڵ و دەروونمان دەهەژێنێت و لە گوێگرتن لێیان بێزار نابین.بێگومان گەڕانەوە بۆ کلاسیک بەشێک بێت لە ئاسودە بوون و وەرگرتنی چێژی هونەری لەلایەن هەواداری میوزیک وهونەرەوە، دەشبێت هۆکارێکی دیکە ئەوە بێت گۆرانییە نوێکانی ئێستا زۆرتر لاسایی کردنەوەیەکی شکست خواردوی ئاوازە ڕەسەنەکان بێت و وەک گوڵێکی دەستکردە کە هیچ بۆن و بەرامێکی هونەریان پێوە نەبێت.

لەم ڕاپۆرتەدا زیاتر تیشک دەخەینە سەر ئەم بابەتە و بۆچوونی چەند هونەرمەندێکی دیاری کوردستان وەردەگرین.

هەوڵەکان زیاتر بۆ شێواندنی موزیک و کلتوری نەتەوەیەتمانە

هونەرمەند شوان قەرەداغی لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەبات گوتی: هونەری کوردی لەم چەند ساڵەی دوایدا لە قۆناغێکی مەترسیدارایە، بەداخەوە جۆرە ئاڵۆزی و بێ سەروبەرییەکی پێوە دیارە کە من واهەستەکەم هەوڵەکان زیاتر بۆ شێواندنی موزیک و کلتوری نەتەوەییانە و مەبەست لێی سڕینەوەی ناسنامەی هونەری کوردیە، بێگومان نەبوونی فەرهەنگی هونەری و هەستی نەتەوایەتی وایکردووە کۆمەڵی کەناڵی نابەرپرس چەندین گۆرانی بەناو کوردی و نا هونەری لەدەزگاکانیانەوە بڵاوبکەنەوە تاوەکو تەواو کاری جوان دەبینین بەڵام بەداخەوە ناهێڵن سەر دەربێنێت سەرکوتی دەکەن.

فەوزایەکی زۆر لە ئێستا دا لە ناو هونەری کوردیدا هەیە

لای خۆشیەوە هونەرمەند لوقمان سەلیم لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەبات گوتی: من پێموایە سۆشیاڵا میدیا کاریگەری زۆری هەیە و تیڤییەکان بەهەمان شێوە لەبەر ئەوەی جاران لە وەزارەتی ڕۆشنبیری یان بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی سەربە پارێزگاکانی کوردستان فلتەر هەبوو بەسەر ئەو ئەلبوم کلیپانەی بڵاودەبووەوە لیژنەیەک هەبوو سەیری دەکرد هەڵیدەسەنگاند، ئەو بەرهەمە تا چەند شیاوی بڵاو کردنەوەیە،بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە نە لە تیڤییەکان نە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە هونەریەکان دەتوانم بڵێم ئەوەی فەوزایەکی زۆر ئێستا لە ناو هونەری کوردیا هەیە بەڕاستی هەر کەسێک هەڵدەستێ مایکێک بە دەستیەوە دەگرێ، زۆرێک بەناو هونەرمەند، دەتوانین بڵێین بە داوای لێبوردنەوە ناسنامەی هونەر نادرێ بە زۆر هونەرمەند، ئەمانە بوونەتە هۆی فەوزایەک و سەرگەردانیەک هەرچەند دەبێ ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کۆمەڵێ هونەرمەندی باشیش هەیە ئەمڕۆ لە کوردستان، هونەرمەندمان هەیە بەداخەوە بەرهەمەکانیان بەرهەمی ڕەسەن نین کۆپی موزیک و گۆرانی وڵاتانی دراوسێیە یان تورکییە یان فارسییە یان عەرەبییە بەهەمان شێوە موزیکەکەش موزیکێکی وەرگیراوە، ئەم جۆرە ئیشانە ناچنەی خانەی هونەری ڕەسەنی نەتەوایەتییەوە هەر بۆیە بەرهەماکانیش وەکو پێویست نامێنێتەوە.

هونەرمەند لوقمان سەلیم زیاتر گوتی: پەیامی من ئەوەیە بۆ کەناڵەکان بەتایبەتی ئەو کەناڵانەی بەرهەمی هونەری وەردەگرن هەوڵبدەن لیژنەیان هەبێ بۆ بەدواداچون و هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمە هونەریانەی کە بڵاو دەبنەوە جا چۆن هونەری ڕەسەن ون نابێت.

هونەرێکی ئاست نزمی بێ ناونیشان بە زۆر دەدرێت بەگوێ و بەچاوی خەڵکدا

هونەرمەند و ئاوازدانەر زانای مەحمود هەژار بۆ خەبات لەسەر ئەم بابەتەگوتی: مێژووی هونەری کوردیش هەر وەکو گەلەکەی بەناو هەوراز و نشێیو ماڵ وێرانی و داگیرکاردا هاتۆتە بەرهەم،ئێستا ئەوەی کە دەوترێ میلۆدی کوردی جەستەیەکی شەکەت لە مێژوویەکی پڕ هیلاکیە میلۆدی کوردی ئەو کێژۆڵە پڕچ ئاڵۆسکاوەیە کەلە ڕووخساریا هیوایەک بەدی ئەکرێ و چاوەکانی تەڕو پڕ فرمێسکن،جلوبەرگەکەی ئاڵ و واڵا و جەستەی بۆنی سمڵ و ڕیحانە،میلۆدی کوردی ئەو کوڕە چوارشانە شەکەتەی مێژووە، زمانی هەنگوینی وشەی پاراوی کوردی لێ ئەتکێ،گورج و گۆڵ و ڕیتمی ڕۆشتنەکەی پڕ لە سەمای گەڕیان و فەتاح پاشای و چەپی و شێخانی، زۆربەی جەستەی کورد تا ئێستاش بە هونەرەکەشیەوە بەهۆی نەبوونی گیانی سەربەخۆوە، هەر ڕۆژەی پارچەیەکی لێ ئەکەنەوە و ئەی شێوێنن لەناو ئەم مێژووە ناشرینە پڕ داگیرکاریەدا،هیوای ژیان هەناسەکانی هونەر بەربەرەکانی بوون و داهێنان ئەکەن،گەروەکان لە مقام و چەهچەهەو چڕین و زەخرەفەکانی جوانی داهێنان و عەشق و مانەوە،ئەم گەروانەش ئەڵێن ئێمەش هەین و بۆ ژیان و بۆ مانەوە گۆرانی ئەڵێین،دەف و نەقارەو دەهۆڵ و. تڕپەو زرمەیان دێت و ڕیتمەکانی نەتەوە ئەدەن بە گوێ ی خۆمان و ناوچەکەدا .تاک ژەنان و گرووپ و تیپەکان و زیاد لە سەدەیەکە مێژوو ئەنەخشێنن و وێنەی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی ئەنەخشێنن و جوانتری ئەکەن. دوای سەندنی ئەم شێوە ئازادیەی، هەرێمی کوردستان دەکرا ورده ورده گوێ لە هەونەرمەندانی نامێنێ بەداخەوە دەڵێم زۆر لە هونەرمەندانیش هەیە کە هونەری بێگانەیان زۆر لا باشترە وەکو لە هونەری کوردی زۆر بەداخەوە گەر گوێ لە هونەری کوردی دەگرن هەندێ کەس دەڵێن کۆنە باوی نەماوە جا چۆن هونەری ڕەسەن ون نابێت.

چۆن هونەری ڕەسەن ون نابێت؟

هونەرمەند شیلان عوسمان لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: لە ئێستادا هونەری کوردی تێکەڵکراوە لەگەڵ هونەری بێگانە، وامان لێ هاتووە بیری فۆلکلۆری کوردیمان نەماوە، بەڵام لەڕێی هەندێ هونەرمەندی کۆنەوە باشترە پارێزراوە بەس بە گشتی لە ئێستا دا هونەری کوردی زۆر بێهێز بووە، هۆکارەکشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندن چونکە تا هونەری بێگانە هەبێ ڕەسەنایەتی خۆمان هەموو بەرهەمێک وەرنەگیرێت بەهەمان شێوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی هونەر لە شارەکانی کوردستان دەبێ هەوڵبدەن لیژنەیەک پێکبهێنن وەکو سااڵنی ڕابردوو ئەو بەرهەمانە هەمووی بە فلتەردا بڕوات بۆ ئەوەی چاکو خراپ لەیەک جیا بکرێتەوە و بەرهەمە جوانەکان پێشکەشی خەڵک بکرێ.

هونەرێکی ڕەسەن نەبێت؟

هونەرمەند شیلان عوسمان لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: لە ئێستادا هونەری کوردی تێکەڵکراوە لەگەڵ هونەری بێگانە، وامان لێ هاتووە بیری فۆلکلۆری کوردیمان نەماوە، بەڵام لەڕێی هەندێ هونەرمەندی کۆنەوە باشترە پارێزراوە بەس بە گشتی لە ئێستا دا هونەری کوردی زۆر بێهێز بووە، هۆکارەکشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندن چونکە تا هونەری بێگانە هەبێ ڕەسەنایەتی خۆمان هەموو بەرهەمێک وەرنەگیرێت بەهەمان شێوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی هونەر لە شارەکانی کوردستان دەبێ هەوڵبدەن لیژنەیەک پێکبهێنن وەکو سااڵنی ڕابردوو ئەو بەرهەمانە هەمووی بە فلتەردا بڕوات بۆ ئەوەی چاکو خراپ لەیەک جیا بکرێتەوە و بەرهەمە جوانەکان پێشکەشی خەڵک بکرێ.

چۆن هونەری ڕەسەن ون ناب

www.xebat.net
دوو شەممە 2020/8/31 ژمارە(5996)
خەبات

ڕۆدان

بەرجەستە کردنی ڕۆژە تاڵەکانی میژوو





حەیدەر عەبدولڕەحمان

پەیکەرتاشی ناسراوی فرەنسی)ئۆگوست رودان-١٩١٧-١٨٤) یەکێك بووە لە پێشەنگەکانی هونەری پەیکەرتاشی لەسەدەی نۆزدەهەمدا، لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا لەدایك بووە، هەر لەمندالییەوە ئارەزووی نەخش و نیگارو هونەری پەیکەرسازی هەبووە، بۆیە ئاواتی بووە بەخوێندنی ئەکادیمی پەرە بەو ئارەزووەی خۆی بدات، بەڵام لەپەیانگای هونەرە جوانەکاندا وەرنەگیراوە، لەپاریسی پایتەختی فرەنسا دەستی کرد بەکاری سەربەخۆ و لەکارگەی (کاریید بیلۆز) دامەزرا، کە کارگەیەك بوو تایبەت بەدروست کردنی نەخشەسازی، بەتایبەتی نەخشەسازی کۆشك و تەلارەکانی فرەنسا، لەگەڵ ئەوەشدا بەبەردەوامی سەردانی موزەخانەی لۆفەرو کۆشکی ئیمرپراتۆری دەکرد، بۆئەوەی لەو شوێنانەدا فێری شێوازی ئەکادیمی بێت.

یەکێك لە کارە هەرە دیارەکانی ڕۆدان لەساڵی ١٨٦٠ دروست کردنی پەیکەری باوکی بوو، دوای ئەوەی بوو بەخاوەنی ئەزموونێکی دیار لەبوای نەخش و نیگارو پەیکەرتاشی، بوو بەئەندامی سەندیکای دیکۆرکێشان، کەچەندین لەگەورە پەیکەرتاشەکانی ئەو کاتەی وەك (دولاکرۆ) ی گەورە نیگارکێشی سروشتی و (گۆتە) ی نووسەری خاوەنی تیۆری (هونەر لەپیناو هونەر) و چەندینی تری دەگرتە خۆی، کە هەر یەك لەوان بۆ (رۆدین) قوتابخانەیەك بوون .

یەکێك لەشاکارە هەرە دیارەکانی رۆدان پەیکەری (بیرکەرەوە) بوو کە سەربوردەیەکی تاڵی جەنگی سەد ساڵە دەگیڕێتەوە، ساڵی ١٣٤٧ رووی داوە، کاتێ (کالایس) کە یەکێکە لەکەنارە گرنگەکانی فەرەنسا، دەکەوێتە ژێر گەمارۆی ئینگلیزەکان، بە سەرکردایەتی پاشا (ئەدواردی سێیەم)

ئەو کاتە (فیلیب) پاشا،پاشای فرەنسا، بڕیار دەدات شارەکە بەهیچ شێوەیەك خۆی ڕادەستی ئینگلیزەکان نەکات، بەڵکو خۆی بەرامبەر گەمارۆکە رابگرێت، بەڵام تینوویەتی و برسیەتی تەنگی بەخەڵکی شارەکە هەڵچنی و زۆر لەهاوڵاتیانی ئەو شارە بوونە قوربانی، بۆیە بەناچاری شارەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و داگیرییان کرد، ئەوەبوو ئەدوارد – هەلبژاردەیەکی بۆ خەڵکی شارەکە راگەیاند



ئەویش ئەوەبوو کە ئەگەر شەش لە سەرکردەکانی ئەو شارە کۆت و پێوەند لەئەستۆی خۆیان کەن و هەر یەکەو کلیلی دەرگای شارەکەیان بەدەستەوە بێت، بە نیمچە ڕووتی خۆیان ڕادەست بکەن، ئەوە خەڵکی شارەکە لە لەناو چوون ڕزگاریان دەبێت، بە پێچەوانەی ئەو بڕیارەش، ئەوە تەواوی خەڵکی شارەکە لەناو دەبرێن .. ئەوەبوو یەکێ لەگەورەترین دەوڵەمەندەکانی ئەو شارە خۆی بۆ ئەو کارە بەخش کرد، دواتر پێنج لە شەرەف مەندەکانی دیکەی شارەکە بەهەمان شێوە بڕیاری خۆبەخشینی خۆیان دا و لەپێناو پاراستنی گیانی خەڵکی شارەکە مەرجەکەیان جێ بەجێ کرد.

(رۆدان) ی پەیکەرتاش، هەوڵی ئەوەی داوە ئەو گرتە میژووییە لەپەیکەرێکدا بەرجەستە بکات کە گوزارشت لەقوربانی دان و ئازایەتی خەڵکی شارەکە دەکات لە کاتی بەزیندا، بەوەستانیان لەرووی مەرگ.

ڕەنگەئەم هەڵوێستە لە میژووی سەروەری گەلاندا هەڵوێستەیەکی نیشتمانی کەم وێنە بێت .

پەیکەری (بیرکەرەوە) پەیکەرێکە لەبڕۆنز دروست کراوە و ئێستاکە لەموزەخانەی ڕۆدان لەپاریس پارێزراوە، پەیکەرەکە بەرجەستەی وێنەی پیاوێك دەکات زۆر بە قوڵی کەوتۆتە دنیای بیرکردنەوە، بۆ دیاری کردنی چانووسێکی نادیار و بڕارێکی سەخت و دژوار، لەنێوان هەڵبژاردنی قوربانی دان بەخۆی و پاراستنی گەلەکەی .

کە دیارە هاوکێشەکە هاوکێشەیەکی ئێجگار قورس و ئاڵۆز لەبەردەم ئەو پیاوەدا دەردەکەوێت، کە یەکلا کردنەوەی پێویستی بەجوامێری و ئەقڵێکی مرۆیی گەورە هەیە ،بۆیە پەیکەرەکە جگە لەو هونەرە بەپێزو دەست ڕەنگینەی هەیەتی، لەهەمان کاتیشدا فەلسەفەیەکی مرۆیی گەورە دەبەخشێت .

ڕودان - ئەوپەیکەرەی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەماوەی ١٠ ساڵان ئەنجام داوە، لەو کاتەوە تا ئێستاکەش پەیکەرەکە وەك نموونەیەکی داهێنانی کەم وێنە هەژمار دەکرێت .

ڕەخنەگرە هونەرییەکان وای بۆ دەچن کە (رۆدان) هەمیشە لەهەوڵی شکاندنی کۆتو پێوەندە تەقلیدییەکاندا بووە، بۆ دۆزینەوەی ستایل و شێوازی نوێ بۆ کارەکانی، ئەمەیە وای کردووە ڕۆدان خاوەنی سیماو مۆرکی تایبەتی خۆی بێت لەنێو زۆر لە پەیکەرتاشەکانی سەردەمی خۆی.

هەمیشە ڕۆدان لەململانێ دابووە لەگەڵ ڕابوردووە تەقلیدیەکان و ڕێچکەی سوود وەرگرتن لە ئەفسانەو تراژیدیا کۆنەکاندا کە لەسەردەمی ئەودا باو بووە، بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خۆشی ڕووی لەئیتاڵیا کردووە، لەوێ ئاشنا بە گەلێك شێوازو تەکنیکی نوێ ی پەیکەرتاشی بووە .

لە ساڵی ١٨٦٤ڕۆدان پەیکەری (پیاوە لووت شکاوەکە) ی لە پیشانگای پاریس نمایش کرد، بەڵام پەیکەرەکە لەئاست ئەو خۆزگەیە دا هەڵنەکەوتەوە کە ڕۆدان ئاواتی بۆدەخواست .

ڕۆدان دوای ماڵئاوایی کردنی، زۆر لەکەرەستەو شاکارە جوانەکانی خۆی لەوینەگاکەی خۆی بەجێ هێشت، ئێستا تەواوی ئەو کەرەستەو کارانەی لەموزەخانەکەی خۆیدا لە پاریس پارێزراوە.





ژان ماری گۆستاف لوکلیزۆ

بۆتان جەلال

نووسەر و ڕۆمانووسی فەرەنسایی (ژان ماری گۆستاف لوکلیزۆ)، خاوەن بەرهەمێکی ئەدەبی زۆر و هەمە چەشنەیە، خاوەن ستایلێکی تایبەت لە بیرکردنەوە و نووسینە، بە ئاشکرا لە هزرو بۆچوونەکانیدا دژایەتی ئەوروپای ماددیەت و شارستانییەتی فانتازیای بەرەڵایی دەکات، زۆرجار وەك فەیلەسوف یان بیرمەند باسی دەکەن، بەڵام وەك خۆی دەڵێت من سەر بە هیچ گروپ و قوتابخانەیەکی فەلسەفی و ئایدیا نیم و باوەڕم بە کلتووری وڵاتەکەم هەیە و لە ڕێگای ئەویشە، هەز دەکەم خزمەتی مرۆڤایەتی بکەم، سەیر دەکەین لە نێو خەڵکانی فەرەنسی لوکلیزۆ ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرێت و خوێنەرێکی زۆری هەیە و کتێبەکانی بە بایەخەوە دەخوێندرێتەوە توێژینەوەی لەسەر دەنووسرێت..



ئەگەر چی ئێستا کە تەمەنی ٦٨ ساڵە، بەڵام گەنج و چالاك دەبیندرێت، زۆر حەز لە قسە کردن ناکات، ڕۆژنامە کەم دەخوێنێتەوە، لە میدیا دوورە پەرێزە، تا بۆی بلوێت، لە نووسین چڕ و پڕ دەنووسێت، بە ڕستەی کورت بیر و بۆچوونەکان دەخاتە ڕوو، گوزارشتەکانی ساده و ساکارن حەز لە ئاڵوزی زمان و شرۆڤەکاری ناکات، هەمیشە لە گەڕان و گەشت دایە، نزیکەی ٨ مانگ چووە ناو هیندیە بەنەمییەکان و لەناویاندا ژیا، وەك خۆی دەڵێ زۆر شتی نوێ و سەیر و بەکەڵك لە هیندییەکان فێر بووم، سروشت و کلتووری کۆن هەوێنی بەرهەمەکانیەتی، لە هەشتەکانی سەدەی ڕابردوودا وەك نووسەرێکی پێشەنگی فەرەنسی ناوبانگی ڕۆیشت و لە نووسینەکانیدا چارەسەری زۆر کێشەی ئەمڕۆی سەردەمیانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دارایی کردووە، زۆر لە گرفتی مرۆڤی نوێ شارەزایە، بۆیە خوێنەرێکی زۆری ئەمڕۆکە حەز دەکەن لە بیرە ڕۆشنەکانی ئەم نووسەرە سوود و ئەزموون وەربگرن، بەتایبەتیش لە ڕۆمانەکانیدا کە بە زمانێکی ساکار دەخوێندرێتەوە، ئەوەی زیاتر وای کردووە لوکلیزۆ بخوێندرێتەوە، ڕۆمان وەك هونەرێکی کراوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، شێوازی شیعر و فەنتازیای خەیاڵی شاعیرانەی لێ بەرجەستە کردووە، زۆر جار هەست دەکەیت تۆ هۆنراوەیەك دەخوێنیتەوە نەك پارچەیەك لە ڕۆمان، تا پێی کراوە ڕۆمانەکانی بە زمانی شیعری دارشتووە، بەتایبەتیش لە هەردوو ڕۆمانی «بیابان» و «کتێبی شوێن هەڵاتووەکان».

تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو یەکەم ڕۆمانی خۆی چاپکرد، ئەوکات بەرامبەر بەم ڕۆمانە خەڵاتی نووسەرە داهێنەرەکانی فەرەنسی پێ بەخشرا، لەسەرەتاوە وەك نووسەرێکی کەلکێش و پێشەنگ خۆی ناساند، بەو ئامانجە کاریکردووە کە نووسین هۆکاری ڕزگارکردنی مرۆڤ بێت لە ئەشکەنجەکان، نووسین لای لوکلیزۆ کارێکی بەردەواماییە، لای ئەو ژیانی ڕاستی ئەو ژیانەیە کە کۆتایی نەبێ، کتێبی ڕاستی ئەو کتێبەیە تا ئەبەد بخوێندرێتەوە، ئەمانە بیر و هزری ڕۆمانووسێکن کە لە نێوەندێکی ڕۆشنبیری پڕ جەنجاڵ و ماددیەت و ئیلحاد ژیاوە، بەڵام زانیویەتی ڕێگای ڕاست و خزمەتبەخش بە مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە، پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و جیهان، ڕوح و جەستە، تاك و کۆمەڵ، میژوو و دین، بەیەکەوە گرێ بدات، مەحاڵە دەست بکەیت بە خوێندنەوەی هەر کتێبێکی ئەم نووسەرە تا دوا لاپەڕەی نەخوێنیتەوە، دەستی لێ هەڵناگریت، شێوازێکی سەرنجڕاکێش و سیحر ئامێزی هەڵبژاردووە بۆ خوێنەرانی...

لوکلیزۆ لە ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٤٠ لە شاری نیس لە باشووری فەرەنسا لە دایك بووە، خێزانەکەی بۆ دوورگەی مۆریشیوس کۆچیان کردووە، باوکی پزیشك بووە لە دارستانەکانی ئەفریقیا کاری کردووە، دایکی بە ڕەگەز فەرەنسیە، بەڵام باوکی بەریتانی بووە.

لوکلیزۆ خوێندنی وێژەیی هەڵبژاردووە و مۆڵەتی ئەدەبیاتی بەدەست هێناوە، پاشان لە زانکۆی بریستۆل و دواتر لە زانکۆی لەندەن دەرسی گوتووتەوە، لە حەفتاکان بەرەو مەکسیك ڕۆیشت و زۆرجاران بە نووسەرە گەڕۆکەکە ناوزەدیان کردووە، لەگەڵ ژنەکەی کە بە نەژاد خەڵکی بیابانی مەغریبی عەرەبییە و دوو کچەکەی لە بوکیرك لە نێو مەکسیکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیان دەباتە سەر.

تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ بەرهەمی ئەدەبی بڵاو کردۆتەوە کە لە ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆك و وتار پێك دێت لەوانەش «تا» و «کتێبی ڕێگای هەڵاتن» و «جەنگ» و «لافاو» و «بیابان» و«ئەستێرە عاشقەکە» و «گەشت بۆ دوورگەی ڕۆدریگ» و هتد...

٢٠٠٨ بە شایستەییەوە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا، کە کەس ناتوانێت هۆکارەکەی بۆ لایەنگری لە هیچ سیاسەتێکی نێودەوڵەتی بگەڕێنێتەوە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەم بەخشینەی بۆ دەست ڕەنگینی لە نووسین، هزری جوان و مرۆیی و زمانێکی پاراو بێ لایەنی لە سیاسەت و پشتگیری کردنی لە کەمە نەتەوەکان ئەوانەی خەریکە ون دەبن و هەروەها لە هیندیە ئەمریکییەکان کە خاوەن شارستانییەتێکی مرۆڤایەتی و ڕەسەنن، دەگەڕێننەوە.

لوکلیزۆ هەمیشە دژی «جەنگ» بووە، جەنگی کۆمەڵ بەرامبەر بەتاك، جیهان بەرامبەر بە مرۆڤ، مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ، پەیامی ئاشتی و یەکسانی هەڵگرتووە و مرۆڤ لای ئەو بە نرخترین بوونەوەرە دەبێ سەربەرز گوزەر بکات..

تره‌مپ کاندیدبوونی خۆی بۆ پۆستی سه‌رۆکی ئه‌مریکا راگه‌یاند





سه‌رۆکی ئه‌مریکا دۆنالد تره‌مپ له گوتارێکیدا له کۆشکی سپییه‌وه به فه‌رمی قبوڵی کرد که بیێته کاندید بۆ هه‌ڵبژاردنی داهاتووی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌مریکا.تره‌مپ به‌م شێوه‌یه ده‌ستی به قسه‌کانی کرد: «ئه‌مڕو به دڵێکی پڕ ئومێد و سوپاسگوزارییه‌وه کاندیدبوونی خۆم بۆ هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌مریکا قبوڵ ده‌که‌م».تره‌مپ جه‌ختی له‌وه کرده‌وه که ئابووری ئه‌مریکا ده‌بات به‌ره‌و باشترین ئاستی له مێژوودا و وڵاته‌که‌ی له هه‌موو هه‌رشه و مه‌ترسییه‌ك ده‌پارێزێت. هه‌روه‌ها ناوبراو هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌مریکا-ی که له سێی تشرینی دووه‌مدا ئه‌نجامده‌درێت به هه‌ڵبژاردنێکی مێژوویی له قه‌ڵه‌مدا و گوتی:» له نێوان ئه‌م دوو پارته‌دا جیاوازییه‌کی به‌رچاو هه‌یه، دوو ره‌هه‌ند، دوو فه‌لسه‌فه و دوو رۆژه‌ڤی جیاوازیان هه‌یه. له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا بڕیار ده‌ده‌ین له نێوان دڕووستکردنی ملیۆنان شوێنی کاری تازه‌دا یان بڵاوکردنه‌وه‌ی پیشه‌سازی وڵاته‌که‌مان به ته‌واوی جیهانـدا. هـەر لـەم هەڵبژاردنـەدا بڕیـار دەدەیـن لەسـەر پاراستنی گەلـی ئەمریـکا یـان پێدانـی ئازادیـی بـە تێکـدەر و چەواشـەکارەکان».

ڕەخنەیەکی تووند لە تره‌مپ-دەوە بۆ بایدن

لـە تـەواوی گوتارەکەیـدا تره‌مـپ هێرشـی دەکـردە سـەر جـۆ بایـدن-ی ڕکابـەری و گوتـی: «ئـەم شـەو تەنهـا یـەك پرسـیاری ئاسـانتان لێدەکـەم. ئایـا دیمۆکراتـەکان کـە دەیانەوێـت ئـەم وڵاتـە دابـەش بکـەن دەتوانـن ببنـە سـەرۆکی ئـەم وڵاتە؟»تره‌مپ ڕاشـیگەیاند کـە هەرچـی لـە دەسـت هاتـووە کردوێتـی بـۆ ڕەشپێسـتەکانی وڵاتەکـەی و گوتـی: «دوای سـەرۆك ئەبراهـام لینکۆڵـن مـن زۆرترێـن کارم کـردووە بـۆ ڕەشپێسـتەکانی وڵاتەکـەم، ئـەوەی مـن لـە مـاوەی 3 سـاڵدا کردوومـە جـۆ بایـدن لـە مـاوەی 47ساڵی ژیانـی سیاسـیدا پێـی نەکـراوە». ناوبـراو جەختـی لـەوە کـردەوە کـە پێویسـتە ئـەو ڕێوشـوێنانەی دژ بـە کۆرۆنـا گیراونەتـە بـەر کـەم بکرێتـەوە ئەگـەر کـەم نەکرێتـەوە خەڵـك تووشـی کێشـەی دەروونـی دەبـن و بـەم شـێوەیە بەردەوامبـوو لـە گوتەکانی:»پلانەکـەی بایـدن چارەسـەر نییـە بـۆ ڤایرۆسـەکە بەڵکـو خۆبەدەسـتەوە دانە».سـەرۆکی ئەمریـکا جەختـی لەوەشـکردەوە کـە جـۆ بایـدن و پارتەکـەی زۆربـەی بەهاکانـی ئەمریـکا تێکدەشـکێنن و گوتـی: «بایـدن ئەسـپی تـەڕواوە سۆسـیالیزمە».تره‌مپ ئاماژەی بەوەشکرد کە خـۆی و پارتەکـەی هـەوڵ دەدەن بـۆ ئـەوەی گەلـی ئەمریـکا لـە ئاسـایش و خـۆش گوزەرانیـدا بژیـن و گوتـی: «ئەگـەر دیموکراتـەکان دەیانەوێـت پاڵپشـتی تێکـدەر و گێرەشـێوێنەکان بکـەن ئـەوە هەڵبـژاردەی خۆیانـە، بـەڵام هەتـا مـن سـەرۆك بـم نابمـە پارچەیـەك لـەوان».

تره‌مپ ستایشی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی خۆی ده‌کات

تره‌مـپ باسـی لـەوە کـرد کـە کۆتاییـان بـە شـەڕی ئەفغانسـتان هێنـاوە و هەروەهـا سـەرکردەی داعـش، ئەبوبەکـر بەغـدادی و فەرمانـدەی پێشـووی هێـزی قـودس، قاسـم سـولەیمانی-یان لەنـاو بـردووە. لـە بـارەی ئەسرائیل-یشـەوە ڕایگەیانـد کـە باڵوێزخانـەی ئەمریکا-یـان لـە ئیسرائیـل گواسـتۆتەوە بـۆ شـاری قـودس و گوتـی: «بوویـنە هـۆی ئـەوەی دوای 25سـاڵ ڕێککەوتنامەیەکـی ناشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوڕاسـتدا واژوو بکرێـت، بۆیـە سوپاسـی ئیسـرائیل دەکـەم لـەم بارەیـەوە».

خۆپیشاندان لەبەردەم کۆشکی سپی

لـە لایەکـی دیکـەوە کاتێـك تره‌مـپ ئـەم وتـارەی دەخوێنـدەوە نزیکـەی هـەزار کـەس لەبـەردەم کۆشـکی سـپی کۆبوونـەوە و ئیدانـەی نەژادپەرسـتی و توندوتیـژی پۆلیسـی وڵاتەکەیـان کرد.خۆپیشـاندەران لەسـەر شـەقامی (Black Lives Matter) کۆبوونـەوە و یـادی جـۆرج فلۆیـد کـە بـە دەسـتی پۆلیـس کـوژراو و جاکـۆب بلەیـك-یان کـردەوە کـە ئەویـش بەهـۆی تەقەکردنی پۆلیسـەوە بـە سـەختی بریندارببـوو.

پوتین دەیەوێ لۆکاشینکۆی بێلاروووس بە دەردی یانیکۆفیجی ئوکراینا نەچێ



د.محەمەد خدر مەولود

بێلاروووس یـا ڕووسـیای سـپی (بێـلا ، بێڵـی .. بەزمانـی ڕووسـی بـە کوردییەکـەی واتـە ڕەنگـی سـپی) یەکێکـە لـە وڵاتـە هـەرە لەپێشـەکانی وڵاتانـی یەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران و لـە ڕووی بایەخـی ئابـووری و سیاسـییەوە ، بـۆ ئەوسـای مۆسـکۆ تـا سـاڵی 1991 لـەدوای ئۆکرایناـ و تۆزبەکسـتان و کازاغسـتان دەهـات و بـە چوارەمیـن گـەورە وڵاتـی سـۆڤیەتی جـاران دانـراوە .بـۆ ئێسـتای مۆسـکۆی پوتیـن ، بێلاڕووسـیا پێگـەی سـتراتیژی و سیاسـیی و جیۆسیاسـی لـە جـاران بەهێزتـر و ناسـکترە،چونکە لـەدوای لێکهەڵوەشـانەوەی سـۆڤیەت ،بێـلاروس دەبێتـە دراوسـێی ڕۆژئـاوای مۆسـکۆ و وڵاتـی جیاکردنـەوەی نێـوان ئەوروپـای ناتـۆ و بـازاڕی هاوبـەش و ڕووسـیای کرملیـن .بـە واتایەکـی دی بێـلاروس هەرهەمـان پێگـەی سـتراتیژی ئوکراینـای بـۆ کرملیـن هەیـە. ئۆکرایناـ لـە باشـووردەوە لـە دەریـای ڕەش و دوورگـەی زێڕینـی کریـاوە تـا ناوەڕاسـتی ڕۆژئـاوا، بێـلاروس لـە ناوەڕاسـتی ڕۆژئـاواوە تـا وڵاتـی لاتڤیـای شـوورەوی جـاران لـە باکـور، تـەواوی سـنووری ڕۆژئـاوای ڕووسـیای ئێسـتا لـە ئەوروپـای ناتـۆ دا دەبڕێـت بـۆ کرملیـن ، ئـەو وڵاتانـە و بە تا یبە تیـش بێـلا ڕ و س وەك پەرژیـن و دیـواری نـاو بڕوخاڵـی

ناتـۆ و ئەوروپـا و کرملیـن و ڕووسـیای ئێسـتا و هاوپەیمانیەتـی جارانـی وارشـۆی بەسـەرچوودا .ئـەوەی ئێسـتا لـە بێلاروسـیا دەگـوزەرێ ، لـە ئەنجامـی هەڵبژاردنـەوەی ئەلێکسـەندەر لۆکاشـینکۆیە بـە سـەرۆکی وڵات . لۆکاشـینکۆ ، ئەوپیـاوەی لـەدوای لێـك هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی شـوورەویی ، سـۆڤیەتی جـاران لـە سـاڵی 1991 وە تـا ئەو وڵاتـە کەوتـە سـەر ڕاسـتەڕێی حوکمڕانـی ئەلێکسـەندەر لۆکۆشـینکۆی گۆڕیـن هـەر لـە سـاڵی 1994 ەوە سـەرۆکایەتی وڵاتـی گرتۆتـە دەسـت تـا هەڵبژاردنـی مانگـی ئابـی ئەمسـاڵ 2020 ، شـازدە سـاڵە سـەرۆکی ئەو وڵاتەیـە و لـە حوکمڕانـی تاکـڕەوی وڵاتـدا سـەرو ڕیشـی سـپی کـرد و وا پێدەچـێ چیـتر خەڵکـی ئـەو وڵاتـە و پێوەڕەکانـی ئەوروپـی بـۆ حوکمڕانـی ئـەو تـەرزە وڵاتانـەی یەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران قبوڵـی ئـەو جـۆرە حوکمڕانییەیـان نەبـێ . هـەر بۆیـە ئەوروپـا ئەلێکسـەندەر لۆکۆشـینکۆ بـە (پیـرە دیکتاتۆرەکـە) نـاوزەد دەکـەن و لایەنگـری خۆپیشـاندەرانی تـەواوی شـارەکانی بێلاروسـیان .لەبەرامبـەردا کرملینـی پوتیـن دەرکیـان بـەو ڕاسـتییە کـردووە کـە جەمـاوەر و خەڵکـی بێلاروووسـیا لۆکۆشـینکۆیان نـاوێ و لـە هەڵبژاردنـدا دەنگـی پێویسـتی سـەرکەوتنیان پـێ نـەداوە ، ڕکابەرەکانـی سـەرکەوتووی پڕۆسـەکە بـوون ، بـەڵام سیاسـەتی فرتوفێڵکـردن لـە سـندوقی دەنگـدان و دەسـەڵاتی دیکتاتۆرانەی ئاگرو ئاسـن ئەوانـی ڕکابـەر و ئۆپۆزیسـیۆنی بـە ناچـاری و بـە سـوپاوە بـەرەو دەرەوەی وڵات وەدەر نـا .

ئەی دەبێ پوتین ، ئاشقی چی منیسک و لۆکاشینکۆ بێت ؟

سیسـتەمی سیاسـی و حوکمڕانـی بێلاروسـیا و لۆکاشـینکۆ ئـەوە حاڵـی بـێ و هەڵبژاردنـی بـە هەمـوو سیسـتەم وپێوەرێکـی هەڵبژاردنـی دیموکراتیانـەی نێـو دەوڵەتـی قبوڵکـراو نەبـێ ئـەی دەبـێ مەترسـی پوتیـن و کرملیـن لەچـی دابـێ ، تـا ئـەو ئاسـتەی خـودی پوتیـن لـە ئامادەباشـی دابـێ بـۆ ناردنـی هێـزی کۆمانـدۆی تایبەتـی بـە مەبەسـتی ڕزگارکردنـی لۆکاشـینکۆ و لەدەسـت نەدانـی بێلاروسـیا .واپێدەچـێ خـودی پوتیـن نەیـەوێ ئـەو هەڵبـژێرە دووبـارە بکاتـەوە ، لـەوەی کەلـە ئوکرایناـ لێـی قەومـا و نەیویسـت ، یـا نەیتوانـی بـە هانـای فیکتـۆر یانیکۆڤیچـی سـەرۆکی ئوکراینـای دۆسـت و لایەنگیـر و دراوسـێ مەزنـە پلـە نایابەکەیـەوە بچـێ .ئاخرلـە مـاوەی دە ڕۆژی مانگـی بەهـاری سـاڵی 2014 دا یانیکۆڤیـج لەوسـاکە دەشـت و دۆڵ و نشـێوەی نێـوان کییـڤ و خارکـەف ولۆگانسـك و دانێسـك و ماریپـۆڵ وکریمـدا سەرلێشـێواو و سـەرگەردان بـوو لـە خۆدەربازکردنـی لـە دەسـت مانگرتوانـی گۆڕەپانـی مەیـدان و خرێشـیاتی کییـڤ جێـی پـێ جـێ نەبـوو ، ئاسـان بـوو گـەر کرملیـن بڕیـاری بەرگـری لـە مانـەوەی یانیکۆفیجـی هاورێـی بـکات .

بۆ نەیکرد ..؟

ئـەی دواتـر بـۆ ڕۆژهەڵاتـی دۆڵـی دەمبـاس و کریـم جولـەی کـرد..؟ ئەوانـە هەمـوو پرسـیارن لەنێـو دۆسـییەکانی بەردەسـتی پوتینـن و لەنێـو دۆڵابەکانـی کرملیـن دان . لـە ئێسـتادا وا دوو حەفتەیـە دەنگـی نـارازی شـەقام و کۆمەڵـگای مەدەنـی بەتوونـدی و شـێلگیرانە وڵاتـی تەنیـووە .. دەبـێ ئاینـەدی بێلاروسـیا و ئەلێکسـەندەر لۆکاشـینکۆ ، بەچـی بـگات ..؟ لەکاتێکـدا خـودی پوتیـن ،کەیفێکـی زۆریشـی بـە سـەر و سـکوتی لۆکاشـینکۆی دیکتاتـۆرە سـمێڵ ڕەشـە قەترانییەکـەی منیسـك نایـێ و لـە بەرامبـەردا، ئەویـش زۆر کەیفـی بـە سـەر و سـوکوتی پوتیـن نایـێ .ئـەوی دیکتاتـۆر ، ئـەوی قەیسـەر ئێسـتاکێ لەبـەردەم ئـەو یاریـیەدان :

ناتـۆ و ئەوروپـا یـاری دووەمیانـە لـە دوای ئۆکرایناـ ، وا لـە بێلاروسـەوە ، لـە منێسـکەوە تۆپەکـە هەڵدەدەنـە نێـو گۆڕەپانـی کرملیـن . واپێدەچـێ یاریـیەکـە ، لـە سـەردەمی ڤایرۆسـی کۆشندەی کورۆنـا (کۆڤیـد 19)دا دڕێـژەی دەبـێ و بـە دوو گێمیـش تـەواو نەبـێ .



مانشێت

ئێندیپێندێنت:

تورکیـا لـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت دەسـتی بـە ئەنجامدانـی مانۆڕێکـی سـەربازی کـرد کـە دوو هەفتـە درێـژە دەکێشـێ.



سپۆتنیک:

لـە شـاری پۆرتلانـدی ئەمەریکا شـەڕ و پێکـدادان لـە نێـوان چەنـد گرووپێکـی دژ بەیـەك ڕوویـدا و پۆلیسـیش ژمارەیـەك لەوانـەی دەسـتگیر کـرد.



سکای نیوز:

لـە خەرتومـی پایتەختـی سـودان و لـە ئەنجامـی ڕووداندا لافـاو ، 88 کـەس گیانیـان لەدەسـت دا و نزیکـەی 19 هـەزار خانـووش وێـران بـوون.



یۆرۆ نیوز:

لـە بەرلینـی پایتەختـی ئەڵمانیـا ژمارەیـەك خۆپیشـاندەر هەڵیانکوتایـە سـەر بالەخانـەی ڕایخسـتاغ و پۆلیـس 88 کەسـی دەسـتگیر کـرد.



ئەی ئێف پی:

بـە مەبەسـتی پاراسـتنی ئاسـمانی وڵاتانـی بەلتیـق لـە هـەر هێرشـێکی ئاسـمانی ، فەرەنسـا چـوار فڕۆکـەی خـۆی لـە وڵاتـی ئسـتۆنیا جێگیـر کـرد.

کەنـاڵی ئار تی:

بەهـۆی ڤایرۆسـی کورۆنـاوە، حکومەتـی هینـد بڕیـاری دا لـەو مانـۆڕە نێودەوڵەتیـە بکشـێتەوە کـە بڕیـار وایـە لـە مانگـی سـێپتەمبەر لـە ڕووسـیا ئەنجـام بـدرێ.



نیشانەکانی کەم ئاوی لە رووەکدا

نیشانەکانی کەم ئاوی لە رووەکدا بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:-
یەکەم. سیسبوونی کەڵا و لکەکانی تەنیشت.
دووەم. وەرینی گەڵا و گوڵەکان و مردنی هەندێك شانەی رووەك.
سێیەم. کەمبوونەوەی تێکڕای گەشەکردن یان بە تاواوی گەشەکردن دەوەستێت.
چوارەم. باقۆیی (بچووکی) قەبارەی بەر و بەشێوەیەکی گشتی بەرهەم کەم دەبێت.

بەپێی ڕێکەوتنەکان عێراق برنج لە ئەمەریکا ئێدەکردرێت



وەزارەتی بازرگانی عێراق ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند: ئەوان بە پێی ئەو ڕێککەوتنامەیەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیانە، برنج لەم وڵاتە دەکڕن بۆ پڕکردنەوەی کورتی بەرهەمهێنانی برنج کە بە پێی پسوولەی خۆراك بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت.

بە پێی ئەو ڕێککەوتنامەیەی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە وەزارەتی بازرگانی لە ساڵانی ڕابردوودا بانگێشتی کۆمپانیکانی کردبوو بۆ پێشکەشکردنی ئۆفەرەکانیان بۆ هاوردەکردنی تەنها برنجی بەرهەمهێنراو لە ئەمەریکا.

ساڵانە عێراق پێویستی بە (ملیۆنێك تاکو ملیۆن و نیوێك) تەن برنج هەیە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی دابەشکردنی برنج لەسەر هاوڵاتیاندا.

لە کاتێکدا کە بەرهەمی ناوخۆی ئەم ساڵ لەم بەربوومە خۆراکییە لە 190 هەزار تەن ڕەتی نەداوە، بۆیە داوا کراوە بڕە پارییەك بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت.

بەرنامەی دابەشکردنی خۆراك هەر یەك لە ئارد و برنج و زەیت و شەکر لەخۆ دەگرێت، کە لە ساڵی 1991 وە بەردەوامە بۆ ڕووبڕووبوونەوەی ئابلوقەی ئابووری کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقیان چەسپاندووە.

نیشانەکانی کەمبوونی ئاستی ڤیتامین B12 لە جەستەدا



کەمی ڤیتامین B12 زۆر لەوە بەربڵاوترە کە دەزاندرێت، کاتێك ئەم ڤیتامینە سەرەکییە لە جەستەدا کەم دەبێت هەندێك نیشانەی ئاگادار کردنەوە لەسەر جەستە دەردەکەوێت.

ئەم ڤیتامینە پاڵپشتی کۆئەندامی دەماری ناوەند دەکات و هاوکارە لە دروستبوونی خڕۆکە سوورەکان و خۆراك دەگۆڕێت بۆ وزە.

کاتێك ئەو ڤیتامینە لە جەستەدا کەم دەبێت ئەو کرداوە زیندەگیبانە ئەنجام نادرێت. چەند نیشانەیەکی ئاگادار کردنەوە لەسەر جەستە دەردەکەوێت وەك ئازار لە هەردوو دەست و تەوژمێکی کارەبایی بە جەستە ڕەت دەبێت ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئاستی ڤیتامینەکە بە شێوەیەکی مەترسیدار دابەزیوە.

ماڵپەڕی (Thyroid Patient Advocacy) کە ئەو هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە ئاشکرایدەکات ئەگەر چارەسەری کەمی ڤیتامین B12 نەکرێت ئەوە بە بەردەوامی بە هەست بە ئازار لە لێواری



12

دەڕەوەی دەست دەکرێت بە تایبەتی لە کاتی جوواڵە پێکردنی مەچەك بۆ دواوە.

هەستکردن بە لێدانی دەمارەکان بە نیشانەیەکی دیکەی کەمی ڤیتامین B12 دادەندرێت ئەوەش لە بەشی سەرەوەی جەستە یان لەسەر قاچە وباسکەکان هەستی پێدەکرێت.

لە نیشانەکانی دیکەی کەمی ڤیتامین B12 لەسەر جەستەدا :-
یەکەم. ماندیبوون و شەکەتی.
دووەم. کەمی هێز.
سێیەم. تەنگەنەفەسی.
چوارەم. سەرئێشە.
پێنجەم. هەستکردن بە هەندێك دەنگ لە گوێچکەکاندا کە سەرچاوەکەی نێو جەستەیە.
شەشەم. لەدەستدانی ئارەزووی خواردن و کەم بوونەوەی کێش.

فرۆشتنی گرانترین بەران لە جیهاندا

لەم دواییەدا لە سەنتەری مەزادی ئاژەڵان لە سکۆتلەندا بەرانێك فرۆشرا کە تەمەنی 6 مانگ بوو بە نرخێك کە لە 6 ژمارە پێکهاتبوو، بەوەش دەبێتە گرانبەهاترین بەران لەسەر ئاستی جیهان کە تاکو ئێستا فرۆشرا بێت.

دەزگای هەواڵی (سکای نیوز) ی بەریتانی ڕایگەیاند: لە مەزادخانەی شاری (لانارك) لە ناوەڕاستی سکۆتلەندا ئەو بەرانە بە 367 هەزار و 500 پاوەندی ئستەرلینی فرۆشراوە کە دەکاتە 411 هەزار دۆلار.

گرانترین بەران لە هەمان نەژاد لە ساڵی 2009 فرۆشراوە بە بڕی 231 هەزار پاوەندی ئیستەرلینی.

بە گوێرەی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئەو بەرانە لە لایان 3 ئاژەڵداری سکۆتلەندی بەو نرخە گرانە کڕاوەتەوە.

هۆکاری گرانبەهایی ئەم بەرانە بە گوتەی ئاژەڵدارێك کە لە کاتی مەزادکردنەکە ئامادە بووە دەڵێت: ئەم بەرانە بە گشت پێوەرەکان نموونەیی بوو، بەتایبەتی قەبارەی سەری و ڕەنگی خوریەکەی و ڕەنگی دەوری چاوی و قاچەکانی، ئەو ئاژەڵە زۆر جوان بوو. گوتیشی ئەو بەرانە 6 مانگییە لەم نزیکانە دەست بە جووتبوون لەگەڵ مەڕەکان دەکات هیوادارین بۆ ماوەیەکی درێژ تەمەن بکات، ئێمەش بۆ چاککردن سوودی لێ دەبینین و هیوادارین لە ساڵی داهاتوو نرخەکەی خۆی پڕ بکاتەوە.

شوێنی ڕەسەنی ئەو بەرانە دورگەی (تیکسڵ)ە کە یەکێ لە دورگەکانی باکوری ڕۆژئاوای ڕووبەروی هۆڵەندایە.



وشککردنەوەی سەوزە و میوە

وشککردنەوە بریتییە لە دابەزاندنی ڕێژەی شێ لە مادەی خۆراکی و بەرزکردنەوەی ڕێژەی مادەی ڕەق بەو ئاستەی کە ڕێگا بە زیندەوەرە وردەکان نادرێت گەشە بکەن.

ئەو میوە و سەوزانەی توانای وشککردنەوەیان هەیە وەك: هەنجیر، تڕێ، قەیسی، خۆخ، ئاڵوبالوو، تەماتە، پاقڵە، بامیە، فاسوڵیا، بەزالیا، باینجان.

هەنگاوە گشتییەکانی وشککردنەوەی سەوزە و میوە:
یەکەم. دەنیشانکردن و هەڵبژاردنی بەرهەمی ساغ و نوێ.
دووەم. بە باشی بەرهەمەکە دەشۆردرێت.
سێیەم. تۆپکڵیان لێدەکرێتەوە بە شێوە باوەکان.
چوارەم. بەرهەمەکە دەکرێتە دوو لەت بۆ جیاکردنەوەی تۆو تێدا.
پێنجەم. کوڵاندن لە نێو ئاودا بۆ ماوەی 3-5 خولەك وەك بامیا و فاسوڵیا بۆ لەناوبردنی ئەنزیمەکانی بونەوەرە وردەکان کە هۆکارن بۆ تێکچوون.



شەشەم. لەسەر سنییەك ڕیز دەکرێن بە شێوەی چینی تەنك.
حەوتەم. دەدرێتە بەر تیشکی خۆر بۆ ماوەی 3-4 ڕۆژ لەگەڵ هەڵچێرکردن.
هەشتەم. سنییەکان دەبردرێنە شوێنی ساباتبۆ تەواو بوونی کرداری وشکبوون.
نۆیەم. خۆراکە وشککراوەکان لە دەفری گونجاو دادەندرێت بە مەرجێك شێ و هەوا نەگاتە ناوەوە.
دەیەم. مادەی وشککراوەکە لە ژوورێك دادەندرێت کە وشك بێت و هەوا گۆڕکێی باش بێت.

لەتەمەنی 9 ساڵیدا بڕوانامەی کاندید ماستەری بەدەستهێنا

تۆکتۆمۆشێف پاڵەوانی تازەپێگەیشتوانی ئۆکرانیا بۆ خەبات:

خەونی گەورەم بە بەدەستهێنانی بڕوانامەی گراند ماستەرە





دیانە: هاوار مورتکەیی

تەیمور تۆکتۆمۆشێف Teimur Toktomushev تازەپێگەیشتوویەکی شەترەنجی وڵاتی ئۆکرانیایە، لەدایکبووی ئاداری ٢٠٠٩ی شاری کییڤە، لەتەمەنی 9 ساڵیدا توانی بڕوانامەی کاندید ماستەر بەدەست بهێنێت CM ، دووجار بۆتە پاڵەوانی وڵاتەکەی و لەسەر ئاستی ئەوروپاش میدالیای زیو بەدەست دەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات ئەم یدمانەیەی لەگەڵ ئەنجامداوە:

*بۆچی شەترەنجت لەنێو ئەوەمو یارییەدا هەڵبژارد؟

-لەبیرمە باوکم شەترەنجێکی هەبوو کە بەردەکانی لەشێوەی سەرباز بوون بەرامبەر یەکتری دەیجەنگاندن، ئەمە بەلامەوە زۆر سەرنج راکێش بوو، ئەوەبوو باوکم فێری ئەو یارییەی کردم، دواتریش دایکم منی بردە قوتابخانەی شەترەنج، ئێستاش لەپاڵ خوێندن هەفتەی دووجار راهێنان دەکەم.

*چ ساڵێك بوو بەفەرمی بەشداری پاڵەوانێتیت کرد؟

- کاتێك تەمەنم 5 ساڵان بوو دەستم بەشەترەنج کرد، هەمان ساڵ لە 2014 بەشداری پاڵەوانێتیم کرد، یەکەم بەشداری دەرەوەشم لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کاتۆفیچی بوو لە پۆڵەندا کە ئەوکات تەمەنم 6 ساڵان بوو توانیم میدالیای زیو بەدەست بهێنم، بەڵام باشترین ئەنجامیش تا ئێستا بەدەستهێنابێت، دووجار پاڵەوانی کییڤ لە کلاسیك بۆ خوار 8 و 12 ساڵان، هەروەها دووجار پلەی دووەم لە پاڵەوانێتی ئۆکرانیا خێرای خوار 8 و 10 ساڵان، لەسەر ئاستی ئەوروپاش میدالیای زیوم بەدەستهێنا لە ساڵی 2019 لە شاری تالین لە ئیستۆنیا.

*تۆ لەتەمەنێکی زووداو بروانامەی کاندیدت وەرگرت، خەونی داهاتووت چیە؟

- بۆ شەترەنج پێم وانیە لەتەمەنیکی زووداو، بەڵام دەتوانم بڵێم رێگایەکی گەورە لەبەردەمدایە و دەمەوێت تەواوی بکەم، هێشتا خەونەکەم نەهاتۆتەدی، خەونی من بەدەستهێنانی بڕوانامەی گراندماستەرە، دواتریش راهێنەرێکی بە تو انا ی جیها نی .

لیڤاندۆڤسکی: شایستەی بردنەوەی بااڵندۆری ئەمساڵ بووم

ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی ، ئەستێرەی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی پێی وایە شایستەی بردنەوەی خەاڵتی باڵۆن دۆری ئەمساڵە.

خەاڵتی باڵۆن دۆری ئەمساڵ لەبەر هۆکاری قایرۆسی کۆرۆنا هەڵوەشایەوە و خەاڵتەکە نادرێت بە هیچ یاریزانێك.

هێرشبەرەکەی بایرن لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: هەموو شتێکمان بەدەستهێنا، خەاڵتی گۆڵکاری سەرجەم پاڵەوانیەتیەکانم بەدەستهێنا کە بەشداریم کرد، لەو باوەڕەدام کە یاریزانێك ئەوانە ئەنجام بدات ئەوا شایستەی ئەوەیە باڵۆن دۆری پێ بدرێت.

شایەنی باسە یاریزانە 32 ساڵانەکە لەم وەرزەدا 34 گۆڵی لە خولی ئەڵمانی و 15 گۆڵی لە چامپیۆنسلیگ تۆمارکرد.



مێسی ڕەتیدەکاتەوە پشکنینی کۆرۆنا بکات

یانەی بەرشلۆنە بڕیاریدا دەست بەمەشقەکانی بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تەواوی یاریزانەکانی بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی بەر لە دەستپێکردنەوەی راهێنانەکان لەسەلامەتی یاریزان دڵنیا بێت و داوای کرد هەمووان پشکنینی کۆرۆنا ئەنجام بدەن.

سەرچاوەیەك لە کەتالۆنیا بڵاویکردۆتەوە کە مێسی ئامادەنەبووە ئەو پشکنینە ئەنجام بدات و ئەمەش ناڕەزایی لەنیودەستەی کارگێڕی لێکەوتۆتەوە، سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەرشلۆنە لەڕێگای فاکسەوە ئەو یاریزانەی ئاگادار کردۆتەوە کە پێویستە پشکنینەکە ئەنجام بدات چونکە هێشتا بڕیارەکەی لەگەڵ یانەکە لەکارادایە.

کلیستەرز دەیەوێت سەروەری دیکە تۆمار بکات

ئەگەرچی کیم کلیستەرزی کچە تێنسزانی بەڵژیکی وازی لەیاریکردن هێنابوو، کەچی جارێکی دکە گەڕایەوە اری کردن و ئەمڕۆ لە میانی یارِیی قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتی کراوەی ئەمەریکادا ڕووبەڕووی ئیکاترینا ئەلیکسندرۆڤای ڕووسی دەبێتەوە.

کلیستەرزی تەمەن 37 ساڵ لە ساڵی 2012 وازی لەیاری هێنا، بەڵام ئەمجارە گەڕایەوە یارکردن و بەهیوای ئەوەیە ناسناوی دیکە زیاد بکات کە خاوەنی چوار ناسناو چوار پاڵەوانێتییە گەورەکەیە، کە لەنویاندا سێ پاڵەوانێتی کراوەی ئەمەریکا، بەڵام چاودرانی پاڵەوانێتییەکە گومانیان لەوە هەیە کلیستەرز بتوانێت ئەم ناسناوە بباتەوە، چونکە کەوتۆتە گرووپیکی سەختەوە ئەمە جگەلەوەی وەك پێویستیش خۆی ئامادەنەکردووە.

ئەرسنااڵ بۆ دووەمجار لەمساڵەدا بووە پاڵەوان

یانەی ئارسنال توانی نازناوی جامی سوپەری ئینگلیزی بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی بە لێدانەکانی یەکلاکەرەوە لە لیڤەرپوولی بردەوە.

یاریەکە لەسەر یاریگەی وێمبلی بەبێ ئامادەبوونی هاندەران بەڕێوەچوو، کە 98مین بەڕیوەچوونی پاڵەوانێتییەکە بوو.

یاریەکە لە کاتی ئاسایی خۆیدا بە ئەنجامی یەکسانبوون 1 – 1 کۆتاییهات و دواتر تۆپچییەکانی لەندەن بە لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە 5 – 4 سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و جامەکەیان بەرزکردەوە.

سەرەتا پیێر ئۆبامیانگ لە خولەکی 12 گۆڵی پێشکەوتنی بۆ ئارسینااڵ بەدەستهێنا، کاتێك لە دەرەوەی ناوچەی سزاوە لێدانێکی ئاراستەی گۆڵی ئەلیسۆن کرد و تۆڕەکەی هەژاند.

نیوەی یەکەم بە پێشکەوتنی تۆپچییەکان کۆتاییهات، بەڵام لە نیوەی دووەمدا کورانی یۆرگن کلۆپ سوربوون لەسەر یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە و تاکۆمی مینامینۆ لە خولەکی 73دا ئەوەی بۆ لیڤەرپوول هێنایەدی و یاریەکە بەو ئەنجامە کۆتاییهات.

هەردوو یانە بێنەوەی دوو گێمی زیادکراو یاری بکەن، ڕاستەوخۆ پەنایان بردە لێدانەکانی یەکلاکەرەوە، کە لە ئارسنااڵ هەر پێنج یاریزانی جێبەجێکار سەرکەوتوو بوون لە گۆڵکردن، بەڵام لە لیڤەرپوول بڕیوستەر لێدانەکەی لەدەستدا و سەرکەوتن بووە بەشی ئارسنال، کە ئەمە 16مین نازناوی ئەو پاڵەوانێتییەیە ببیاتەوە، لە کاتێکدا لیڤەرپوول 15 جار براوەی نازناوەکە بووە.



ماسك بەستن
خەبات
XEBAT
Mon.31 Aug. 2020 No.:(5996)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

زۆر گرنگە میژووی سەروەرییەکانی گەلەکەمان ئەرشیف و تۆماربکرێن و بەنەوەی داهاتوو ئاشنا بکرێن



وێنەگر سەروەر ئەحمەد:

تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدام گۆرانی کلیپی بۆ بکرێت، چونکە کلیپ هۆکارێکە بۆ ناساندنی بەرهەمەکە.

سەروەر ئەحمەد مەحمود لە 23/11/1989 لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی لە دایکبووە، بازرگانیی تەواو کردووە و سااڵنێکە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاردەکات، لەڕێی هاوڕێیەکییەوە دەستی بەکاری وێنەگری کردووە ئەمانە وتەی دەستپێکی وەاڵمەکانی ئەو وێنەگرە بوو کە بۆ(خەبات)ی کرد:

دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین

تاچەند گرنگە میژوو سەروەرییەکانی کورد ئەرشیف بکاو بە ئەوەی داهاتووی ئاشنا بکات ؟

بێگومان، زۆر گرنگە میژووی سەروەریەکانی گەلەکەمان ئەرشیف و تۆماربکرێن و بە نەوەی داهاتوو ئاشنا بکرێت .

وێنەگرانی کورد، لەبواری وێنەگرتندا، تا چەند لە ڕووی تەکنیکەوە پێشکەوتنیان بەدەستهێناوە ؟

وێنەگری زۆر باشمان هەیە لە ڕووی تەکنیکەوە زۆر باشن، دەتوانن کاری زۆر گەورەو باش ئەنجام بدەن.

دراماو فیلمە کوردییەکان ، زۆرجار لە ڕووی وێنەگرتنەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە ، کە وەکو پێویست نییە ،ئەمە هۆکاری چییە؟

لە ڕووی وێنەگرتنەوە ئەگەر ڕووبەڕووی ڕەخنە ببینەوە ئەوە خەتای دەرهێنەرە ،چونکە بۆ زۆربەی ئێشەکانی ئێستا وێنەگر لە دەرەوەی وڵات ئەهێنن!

تاچەند ڕێز لەماندوو بوونی وێنەگر گیراوە لەکوردستاندا؟

تا ڕادەیەک ، بەس زەروە زۆرتر وێنەگری خۆمان بەکار بهێنرێت .

تا چەند ڕاستە، دەڵێن دراماییەک یان گۆرانییەکی سەرکەوتوو هۆکارەکەی وێنە جوانە کە یە تی ؟

تا ڕادەیەکی زۆر ئەم پرسیارە ڕاستە، چونکە وێنەگر ئەبێت شارەزاییەکی باشی لە دەرهێناندا هەبێت.

بەاڵی تۆوە تا چەند گرنگە گۆرانی کلیپی بۆ بکرێت؟بۆ؟

تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدام گۆرانی کلیپی بۆ بکرێت، چونکە کلیپ هۆکارێکە بۆ ناساندن و بینینی بەرهەمەکە.

بۆ گۆرانییەکانی ئێستا، بە کلیپیشەوە وەکو ڕاپەردوو نامێننەوە ؟

لەبەر ئەوەی تێکستەکانی یان هۆنراوەکانی ئێستا چێژی ڕوحی نییەو تەنها بۆ سۆشیال میدیایە.

تاچەند کولتوورو ڕەسەنایەتی کوردی پارێزراوە؟

بەڕادەیەکی لاواز ، لە کلیپ و دراما کوردیەکاندا، کلتوری کوردی ماوەتەوە.





کورتەفیلمی هاجار بەرهەم هات

بەرهەم شێخ عزەدین

دەربارەی (کورتە فیلمی هاجار) ئەکتەرو شانۆکار (شەماڵ ئەحمەد فەتاح) بە ڕۆژنامەی خەبات گوت: کورتە فیلمی هاجار سیناریو و دەرهێنانی هەڵگورد سااڵح، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانیە و لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری دەربەندیخان هاوکاری کراون،کۆمەڵێک ئەکتەری دەربەندیخان بەشدارن لەو کورتە فیلمە،لە گوندی ژاڵەناوی دەربەندیخان وێنەی گیراوە. شەماڵ زیاتر گوتی: ماوەیەک پێش ئێستاش، فیلمێکی درێژ لە دەربەندیخان وێنەی گیرا کە کۆمەڵێک ئەکتەری دەربەندیخان بەشدار بوون،ئەویش فیلمی(گوڵەکان ناگەشێنەوە) لە سیناریۆ و دەرهێنانی لوقمان غەریب، کە لە ناوچەی دەربەندیخان بەشێک لەدیمەنەکانی وێنەی گیراوە.



دەمامکێکی زیرەک کە وەرگێڕان بۆ هەشت زمان دەکات

لە وڵاتی یابان دەمامکێکی زیرەک دروست دەکرێت، ماسکەکە توانای پاراستنی بەکارهێنەرەکەی نییە لە ئایرۆسی کۆرۆنا، بەاڵم ڕێکارەکانی دوورکەوتنەوە بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا ئاسان دەکات.

لەکاتێکدا ئایرۆسی کۆرۆنا بەستنی ماسکی کردووەتە پێویستییەکی ڕۆژانە لە جیهان، کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئەو هەڵەی قۆستووەتەوە و ماسکێکی زیرەکی دروستکردووە کە لە توانایدایە وەرگێڕان بۆ هەشت زمان بکات.

یەکێک لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا، دوورکەوتنەوەیە لە یەکدی و ڕەچاوکردنی مەودای کۆمەڵایەتییە، ئەو ماسکە ژاپۆنییە ئەوەشی ئاسانتر کردووە بۆ بەکارهێنەرانی، چونکە وەکو باڵندگۆیەک وایە و دەتوانێت دەنگی ئەو کەسەی بەستوویەتی گەورەتر بکات. ماسکەکە توانای پاراستنی بەکارهێنەرەکەی نییە لە ئایرۆسی کۆرۆنا چونکە کونی گەورەی لەسەرە، بەاڵم بەشێوەیەک دیزاییەن کراوە، لەسەر ماسکی ئاسایی ببەسترێت.

شایەنی باسە تایسوکی ئۆنۆ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای دۆنەت ڕۆبۆتیک کە ماسکەکەی بەرهەمهێناوە، دەاڵێ «ماسکەکە لە سلیکۆن و پلاستیکی سپی پێکهاتووە، مایکرۆفۆنی پێوەیە و لەڕێگەی بلوتوسەوە بە مۆبایلی بەکارهێنەرەکە دەبەسترێتەوە، ئەو سیستەمەش توانای وەرگێڕانی هەیە لەنێوان زمانەکانی: ژاپۆنی بۆ چینی، کۆری، ڤیتنامی، ئەندۆنیزی، ئینگلیزی، ئیسپانی و فەرەنسی».

جێی ئاماژە پێدانە کۆمپانیای دۆنەت ڕۆبۆتیک سەرەتا سۆفتوێرێکی تایبەت بە وەرگێڕانی بۆ ڕۆبۆتێک پەرەپێداوە کە ناوی «سینمن» بووە، بەاڵم لەگەڵ باڵوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، پرۆژەکە وەستێنراوە، لەوکاتەشدا تیمی ئەندازیارانی کۆمپانیاکە بیریان لەوە کردووەتەوە سۆفتوێرەکەیان لەو ماسکە جێبکەنەوە، بەمەش توانیویانە ماسکە زیرەکەکە دروستبکەن.



ئەپێکی هاوشێوەی «تیک تۆک» بۆ ئینستاگرام زیاد دەکرێت



کۆمپانیای فەیسبووک ڕایگەیاند، بەرنامەیەک بە ناوی ریەڵز بۆ ئینستاگرام زیاد دەکات، کە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات ڤیدیۆکانی لەو ڕێگەوە بنێرێت یا خود باڵویان بکاتەوە.

بەرنامەکە لە ئێستادا بۆ ئەمریکا و 50 وڵاتی تر بەردەستە و زۆر لە بەرنامەی تیک تۆک دەچێت، خستنەکاری ئەو بەرنامەیە هاوکاتە لەگەڵ دانوستانەکانی مایکرۆسۆفت بۆ کڕینەوەی تیک تۆک. دوای پەرەسەندنی مللمانێکانی ئەمریکا و چین و تووندکردنەوەی فشارەکانی واشنتۆن لەسەر تیک تۆک، کە خاوەنەکەی چینییە، مەترسی داخستنی ئەو تۆڕە وایکردووە بەرپرسانی کۆمپانیاکە بیر لە فرۆشتنی تۆڕەکە بکەنەوە.

بەرپرسانی تیک تۆک فەیسبووکیان تۆمەتبارکردووە بەوەی کۆپی ئەپەکەی ئەوانیان کردووە، بەاڵم فەیسبووک ڕەتیدەکاتەوە.

فەیسبووک پێشتر ئەپێکیتری بەناوی لاسو بەشێوەی سەربەخۆ خستبووەکار بەمەبەستی باڵوکردنەوەی ڤیدیۆی بەکاربەرانی، بەاڵم پێشوازی ئەوتۆی لێنەکرابوو، بۆیە ئەمجارەیان ڕوویکردۆتە تۆڕی ئینستاگرام و لەوێوە هاوشێوەکەی تیک تۆکی کارپێکردووە.